# بەکارهێنانی دەنگەکانی کاونتەرپۆینتەکان بەرامبەر ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە نێو مەقامەکانی کڵێسایدا

**ID No. 775**

(PP 188 - 214)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.12

**سیروان محمد مصطفى**
بەشی موزیك-کۆلێژی هونەرەجوانەکان ،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

**پ.ی. د. محمد عزیز شاكر زازا**
بەشی موزیك،کۆلێژی هونەرەجوانەکان ،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
mdzaza@hotmail.com

**پ.د. محمد عبد الله کاکە سوور**
بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
makakasur@yahoo.com

**وەگـــــرتن : 2022/11/21**

**پەسندکردن : 2023/02/20**

**بڵاوکردنەوە : 2023/10/15**

**پوختە**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی موزیکی، بۆمان دەردەکەوێت کە زانستی کاونتەرپۆینت پێش زانستی هارمۆنی بووە ئەم تەکنیکە ولە پێکهاتە موزیکییەکان زاڵتر بووە ودانەرانی ئەم سەردەمە تێیدا دەکەوتوون، هەروەها زانراوە کە موزیکی پۆلیفۆنی پشت بە بنەمای بیرۆکەی هاوشێوەکردن دەبەستێت لە دووبارەبوونەوەی مێلۆدییەکانی کاونتەرپۆینتدا دامەزراوە. زانستی کاونتەرپۆینت یەکێکە لە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوازە سەرەکییەکانی هەندێک لە پێکهاتە پۆلیفۆنییەکانی سەردەمی بارۆک، وەک (ڤۆگە و کانۆن) کە نوێنەرایەتی بەرزترین قۆناغە پۆلیفۆنیی ئەو سەردەمە نیشان دەدات، لەو شوێنەی کە لە مەقامی کڵێسایی کارەکتەرێکی تایبەتدا دەنگی کاونتەرپۆینتەکەی بەکارهێناوە بۆ کارلێکردن لەگەڵ ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) وئەمەش یەکێکە لە جوانترین شێوەکانیخستنەکاری موزیکی، بەو پێیەی بەهای مێلۆدییەکە بەرز دەکاتەوە و ڕەسەنایەتی پێدەبەخشێت.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە:

یەکەم: چوارچێوەی تیۆری: بریتییە لە (پێناسەی زانستی کاونتەرپۆینت - جۆرەکانی دەنگی کاونتەرپۆینت – پەیژەی کڵێساکان).

دووەم: چوارچێوەی پراکتیزەیی پشت دەبەستێت بە ڕێبازی شیکاری وەسفیی و توێژەریش پشتی بە دەستنیشانکردنی نموونەیەک بەستووە لەسەر دەنگەکانی کاونتەرپۆینتیەکان لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە مەقامەکانی کڵێساکاندا، ویەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە بریتییە لە بەکارهێنانی دەنگەکانی کاونتەرپۆینتیەکان لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە مەقامەکانی کڵێساییدا بریتین لە (جۆری یەکەم، جۆری دووەم).

توێژینەوەکە بە ڕاسپاردە وپاشان سەرچاوەکان وپوختەیەك لە توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی کۆتایی دێت.

**وشە سەرەکییەکان:** بەکارهێنان - کاونتەرپۆینت - کانتوس فیرموس - پەیژەی کڵێسایی.

## 1-پێشەکی:

زانستی کاونتەرپۆینت لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئەو پرەنسیپ ورێسایانە بنیادنراوە کە تایبەتمەندی موزیکی جیهانی بۆ دوو سەردەمی مێژووی موزیکی (ڕێنێسانس وبارۆک) دیاری کردووە، زیاتر لەوەی کە تەنها لە سەردەمی بارۆکدا تایبەتمەند بێت. ئەم دیدە لە ئێستادا لەنێو زۆرێک لە تیۆریزان بیرمەندانی موزیکی کتێب وسەرچاوەدا کە پرنسیپەکانی کاونتەرپۆینت وبنەماکانیدا بۆتە جێی باس، لەوانە (ئەلفرێد مان Alfred Mann)، لە پێشەکی کتێبی (The Study of Counterpoint) ی ئاماژەی دانەر (جهان جۆزێف Johann Joseph) باسی دەکات کە ئەمانەی خوارەوە مانای چییە: لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کاونتەرپۆینتدا، دەبێت بەراوردێك بکەین لە نێوان سەردەمی ڕێنێسانس ونێوان ئەوەی دوای پەرەسەندنی ئەم زانستە دەکەین، بەڵام سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنێسانس کاتێک لە ڕوانگەیەکی دوو ڕەهەندییەوە سەیری مێلۆدییەکانی (two dimensional) دەکرد،

دوای ئەوە گەشەی کرد وبوو بە ڕوانگەی سێ ڕەهەندی (three dimensiona)، کە زیاتر بە لای بارۆکییەکانەوە بووە ( Joseph, 1965, P1).

توێژەران پێیان وایە کە کاونتەرپۆینت بە واتای دەنگ بەرامبەر دەنگ، یان نەغمە بەرامبەر نەغمە دێت، واتە تێکسچەرێکی (Texture)هێڵە مێلۆدیەکانە کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی پێکەوە دەڕوات، وبە دەوری یەک ئاوازی جێگیر وسەرەکیدا دەسوڕێتەوە بە ناوی (Cantus Firmus)، کە یەکێکە لە ئاوازە سەرەکییەکان بەپێی یاساکانی نووسینی کاونتەرپۆینت (Counterpoint)، هەروەها بە واتای ئاوازێکی زیادکراو دێت کە ئاوازێکی تر یاوەری دەکات، وەک چۆن ئاوازی زیادکردنی هاوشانی ئاوازێکی تر، یان هونەری تێکەڵکردنی مێلۆدییەکان دەناسرێت.

توێژەران بەم شێوەیە پێناسەی کانتوس فیرموس (Cantus Firmus) دەکات: ئاوازێکی سەرەکیە لە پۆلیفۆنیدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی زانستی دەنگی کانتەرپۆینت (Counterpoint). یاخود گۆرانی چڕین یان بنەمایەکی جێگیر وڕستەیەکی موزیکی پێناسەکراو کە لە بنەمای گۆرانی وتندا بەکاردێن، چڕینی گۆرانیەکە لەچینە بەرزەکان بە شێوەیەکی ئازاد لە بنیادنانی تۆناڵیدا دەسوڕێنەوە ئەوە بنەما جێگیرەش شێوەی گۆرانی وتن وشێوەی ئاوازەکە دیاری دەکات وبە ئەگەری زۆرەوە ئەم گۆرانی وتنە لە چینە دەنگی سەرەکییەوە پێی دەوترێت چینی گڕ.

ئەو سرووتانەی کڵێسا کە بۆ گریگۆر دەگەڕێندرێنەوە سروودێک بوون لەسەر بنەمای یەک هێڵێکی تاکی ئاوازی هۆمۆفۆنیک (Homophonic) بەستراوەتەوە بە دەقەکەیەوە، وهەر ئاوازێکی تێدا بوو لە ڕووی تیۆریەوە لەناو ئۆکتاڤێکدا کەوتبووە ژێر فۆرمولەیەکی تایبەتەوە، کە بە زنجیرەیەکی دیاریکراو لە دووری نێوان حەوت دەنگە یەك لە دوای یەکەکانی نزیکی خۆی کە لە میانەی دووانی گەورە (مێجەر Major) وبچووک (ماینەر Minor)، کە بە میانەی پێنجی گەورە و میانەی دووی بچووک دیاری کراوە (فرید، ١٩٩٠، ل١٥٧).

ڕەگ وڕیشەی سیستەمی پەیژەی ئەوروپی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان، کە ناوی پەیژەکانیان بە ناوی هۆزەکانیان ناوە، وەک (دۆریان، فریجیان، لیدیان، ومکسۆلیدیان)، ونوێنەرایەتی پەیژە سەرەکیەکان دەکەن ئەمانەش کە پێکهاتوون لە میانەی تۆن ونیو تونە بە ڕیزبەندی دابەزین. ئەم چوار پەیژە ناسراوانە لە ڕێگەی زنجیرە دەنگی دابەزیوو وبەشەکانیانەوە ڕێکخراون، کە لە ڕێگەی دەنگی پێنجەمی پەیژەکەوە دابەزینەوە.

نووسینی کاونتەرپۆینت ئامرازی هونەری نایابی لە بنیاتنانی ڕێژەییدا هەیە، دروستکردنی یەکپارچەیی، ودۆزینەوەی یەکێتیدا لەخۆگرتبوو ولە هەمان کاتدا لەگەڵ یەکتردا تێکەڵبوون. وکە لەپێکهاتەکانی باخدا گەیشتە پێگەی پێگەیشتنی وبناغەی قوتابخانەیەکی گرنگی لەبواری دانراوی موزیکیدا بە شێوەیەکی گشتی دایڕشت، تا ئەمڕۆش درێژکراوەتەوە، کە گرنگی دەدەن هێڵە مێلۆدییەکان کە سەربەخۆ بن لە یەکتریدا، ولە هەمان کاتدا لە نێوانیاندا یەکخراو وپوخت کراون.

ئیتیمۆلۆژیای وشەی کۆنتەرپۆینت (Counterpoint) دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی Contrapunetun، لە نۆتەی موزیکی کۆندا وشەی (punctum) تەنیا بە لاتینی نووسراوە. لەکاتی کارکردن لەسەر زیادکردنی ئاوازێك بۆ ئاوازی سەرەکی، ئەم کارە لەو کاتەدا پێی دەوترا. (Punctus Contra Punctum) بە واتای خاڵ بەرامبەر خاڵ دێت (Dot Againest Dot) یان (Not Againest Not) وهەمان مانای خاڵ بەرامبەر خاڵ، کە سادەترین جۆری کاونتەرپۆینتیە (Contrapoint) وبە مانا فراوانەکەی، دەتوانرێت کاونتەرپۆینت بە هونەری بەستنەوەی بریتی بێ لە دوو بەش، دوو دەنگ یان زیاتر بناسرێت وهەر بەشێک، وهەر دەنگێک، تایبەتمەندییە مێلۆدییە گرنگەکانی خۆی هەیە.

لێرەدا توێژەران گرنگی دەدات بە بەستنەوەی لایەنی تیۆری بە لایەنی پراکتیکی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی بابەتی کانتەرپۆینت بۆ دەوڵەمەندکردنی شێوازی وانە وتنەوە بە شێوەیەکی نوێی فێرکردن، هەروەها بۆ ئەوەی بەکارهێنەر توانای زانینی میانەکانی مێلۆدی، وبنەما ویاساکانی کانتەرپۆینت هەبێت بە ڕاهێنانی گوێگرتن لە ڕێگەی ڕاهێنانی گوێگرتنەوە بدات کاتێک دەتوانێت بە ژەنینی ڕاستەوخۆ گوێیان لێبگرێت.

**1- 2 کێشەی توێژینەوە:**

توێژەران بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی بە چەند کێشەیەکی پەیوەستە بە بابەتی توێژینەوەکە دەکات:

کاونتەرپۆینت یەکێکە لە ئامرازەکانی دانراوی موزیکی پۆلیفۆنی لە سەردەمی بارۆکدا، بەکارهێنانی تەنیا بۆ سەردەمی بارۆک سنووردار نەبوو، ئەمەش وای لە توێژەر کرد لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە ووانەوتنەوەی موزیکەوە ئەم ئامانجە بپێکێ. سەرەڕای ئەو

توێژینەوەیانەی کە باس لە بەکارهێنانی دەنگە کاونتەرپۆینتیەکان کردووە لە ئاوازی سەرەکیدا، بەڵام توێژەر گرنگی بەستنەوەی لایەنی تیۆری بە لایەنی پراکتیکی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی بابەتی کاونتەرپۆینت بۆ دەوڵەمەندکردنی شێوازی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی نوێی فێرکردن، هەروەها بۆ ئەوەی بەکارهێنەر توانای زانینی بنەما وپاساکانی کاونتەرپۆینت وپەیژەکانی کەڵێسایی، لە ڕێگەی ڕاهێنان ونوسینەوەی نۆتەی موزیك بۆ گوێگرتن لێی بە ژەنینی ڕاستەوخۆدا.

لە بابەتی کاونتەرپۆیتدا بەکارهێنانی دەنگە کاونتەرپۆینتیەکان بەرامبەر ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە نێو مەقامەکانی کەڵێساییدا ئەوەیە کە پرەنسیپی گشتی کاونتەرپۆینت خەسڵەتە گشتییەکەی لە ئاوێتە کردنی هێلەکانی موزیك و ئاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ئەم چەمکانە واتە چەمکەکانی موزیك لە سکێڵەکانی گەورە وبچوك ومیانە میلۆدییەکانی نێوان دەنگەکان وبنەماو یاسا زانستی هونەرییەکانی کاونتەرپۆینت و سەرجەم پەیژەکانی کڵێسایی سەرچاوەیان گرتووە ودەبنە ژەدەرێکی زانستی باوەر پێکراو بۆ چەسپاندنی بیر وڕاو بۆچوونە زانسییەکان سەبارەت بە چۆنیەتی خستنەکار وبەکارهێنانی ئەم دەنگانە بە شێوەیەك کە بتوان چارەسەری ئاریشەی ئەو بەکارهێنانە بکەن کە دروستترین ڕێگایە بۆ ئەو بابەتانەی کە لە دەنگەکانی کاونتەرپۆیتدا هەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ئاوازی (کانتوس فیرموس) کە میلۆدی سەرەکییە بەو شێوەیە دروستە ڕەنگدانەوەی لە نێو مەقامەکانی کڵێساییدا هەبێت. بۆیە لە کێشەی توێژینەوەوە ئەم پرسیارەی خوارەوە دێتە ئاراوە:

ئایا تا چەند بەکارهێنانی دەنگە کاونتەرپۆینتیەکان یارمەتییدەر دەبێت بۆ نووسینەوەی پەیژەکانی کڵێسایی لە ئاوازی سەرەکیدا؟

**1- 3 گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنان ونیشاندانی:

1- گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانە لە بابەتی زانستی کاونتەرپۆینت وسوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی دروستی کاونتەرپۆینت لە پەیژەکانی گریگۆریدا بە شێوەیەکی دروست.

2- پێویستی بەکارهێنانی پەیژەکانی کڵێسایی لە فێرکردنی بنەماکانی کاونتەرپۆینت بۆ قوتابیانی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

3- ناسینی چۆنیەتی دروستکردنی ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) وچەندین ڕێگا دەرەخسێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی بەکارهێنەر دەبێتەوە لەکاتی خوێندنی بابەتی کاونتەرپۆینت.

4- گرنگی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئەو دەنگە کاونتەرپۆینتیانەی کە لە ئاوازی سەرەکیدا بەکاردەهێنرێن وچۆنیەتی بەکارهێنانیان لە دانراوی موزیکدا هەروەها یارمەتی پسپۆڕان بدات لە ئاوازدانانی موزیك وتێکەڵکردنی ئاوازەکانیان بە شێوازی جیاواز

5- توێژەران هەوڵ دەدەن ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) دەستنیشان بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێرکردن وپەرەپێدانی بابەتی کاونتەرپۆینت لەڕووی تیۆری وپراکتیکەوە لە بابەتەکاندا لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا نوێنەرایەتی دەکرێن.

**1- 4 پرسیارگەلی توێژینەوە:**

1 - ئایا ئەو دەنگە کاونتەرپۆینتانە چین کە لە پەیژەکانی گریگۆریدا بەکاریان دەهێنین؟

2 - ئایا خستنەکاری ئەو دەنگە کاونتەرپۆینتیانەی لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە پەیژەکانی گریگۆری بەکاردێت؟

**1- 5 ئامانجی توێژینەوە:**

1- ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە چۆنیەتی دەستنیشانکردن وبەکارهێنانی دەنگە کاونتەرپۆینتیەکانە لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) وخستنەڕووی نموونەکانیان، هەروەها ناساندنی گرنگترین کارامەیی تەکنیکی داهێنەرانە کە لە ستایلەکەیدا هاتووە.

2- ناسینەوەی دەنگەکانی کاونتەرپۆینت وبەکارهێنانیان لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس).

3- دیاریکردنی جۆرەکانی دەنگە کاونتەرپۆینەکان وچۆنیەتی بەکارهێنانیان لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) دا.

**1- 6 سنووری توێژینەوە:**

**سنووری بابەتی:** دەنگە کاونتەرپۆینتەکان لە ئاوازی سەرەکیدا لە هەندێک لە پەیژەکانی کڵێساییدا.

**1- 7 نموونەی توێژینەوە:**

توێژەران لەهەڵبژاردنی نموونەیەکدا پشتی بە دەنگە کاونتەرپۆینتەکان بەستووە لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە پەیژەی کلێساییدا.

**1- 8 میتۆدی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە ڕێبازی شیکاری وەسفکەری پەیڕەو کردووە.

**1- 9 ئامرازەکانی توێژینەوە:**

1-دەنگەکانی کاونتەرپۆینت.

2-پەیژەکانی کڵێسایی.

**1- 10 دەستنیشانکردنی چەمکەکان:**

**1-10-1بەکارهێنان**: لە ڕوانگەی گشتییەوە چەمکێکی ڕوون وسادە دەردەکەوێت کە پێویستی بە هیچ هەوڵ وچالاکییەک نییە بۆ کۆنترۆڵکردن، بەڵام هەر هەوڵێک بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی مانا ومانایی تیوری وکارپێکراوی ئەو بە چەمکێکی تەمومژاوی وهەمەچەشنی، لەوانە ئەوەی کە کۆمەڵایەتی وتەکنیکییە، تێدەپەڕێت ودەبێتە نێو پێکهاتەی تەکنەلۆجیای پەیوەندی و زانیاری مۆدێرنەوە (نۆمار، ٢٠١٢، لا٦).

**2-10-1زانستی کاونتەرپۆینت الكونترابوينت (Counterpoint):** وشەی کاونتەرپۆینت (counterpoint) لە کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینیدا دەرکەوتووە کە لە دەربڕینی لاتینی punctus contra punctus وەرگیراوە، کە بە واتای: تۆن بەرامبەر تۆن دێت. وشەکە بۆ ئاماژەکردن بە ئەدای دیسکانت بەکارهاتووە، جۆرێکە لە نمایشی لیریکی کە تێیدا کە غمەیەك لە بەرامبەر هەر نەغمەیەکدا لە دەنگە موزیکییەکانی ئاوازێکی دیاریکراوەوە بنیات نراوە، ویەکێکە لە زانستە بنەڕەتییە موزیکییە کارپێکراوەکان بۆ خوێندنی ئەکادیمی وبە واتای پۆلیفۆنی دێت، واتە هارمۆنی تۆناڵی ئاسۆیی (زازا، ١٩٩٧، لا٧).

**توێژەر لە ڕووی ڕێکارەوە زانستی کاونتەرپۆینت بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:**

ئەو نووسینەوەی موزیکییە ناسراوە بە (punctum contra punctum) لە لاتینیدا، واتە خاڵ بەرامبەر خاڵ، یان ئاواز بەرامبەر ئاواز ، وئەو کارە هونەرییە موزیکیە کە ئاوازێکی سەربەخۆ(Melody) یان ڕستەیەک لە ئاوازە سەربەخۆکان زیاد دەکات بۆ ئاوازێکی سەرەکی کە پێی دەوترێت (Cantus firmus)، ئەو کۆمەڵە ئاوازە سەربەخۆیەی کە زیاد دەکرێت لە خوار ئاوازی سەرەکی ( Cantus firmus) یان سەرەوە، وئەم ئاوازە سەربەخۆیانە دەتوانرێت زیاد بکرێن بە ئاوازی سەرەکی (Cantus firmus) بەجۆرێک بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا کە هەمووان لە کاتی پێرفۆرمانسکردن وگوێگرتن لە یەک ئاوازدا هەبێت، هاوئاهەنگ گونجاوە لە ڕووی بنیاتنانی موزیکییەوە دەربکەوێت .

**3-10-1 کانتوس فیرموس:** بە زمانی لاتینی، وبە زمانی فەرەنسی: (Chant Donne) کە ئەو ئاوازەیە (سەرەکیە)ی پێدراوە کە لە پێکهاتەکاندا پتەوە، لە تایبەتمەندییەکاندا ڕوونە، ووەک بنەمایەک بۆ پێکهاتەی کۆنتراپۆینتی فرە دەنگی (پۆلیفۆنیکی) وەرگیراوە، وئاماژە پێکراوە لە نووسینەکەدا بە(C.P)  کە کورتکراوەی ناوی لاتینییە، یان(C.D) ، کە کورتکراوەی بۆ ناونانی فەرەنسییە (ظاظا، ١٩٩٧، لا٧).

**توێژەرەکە کانتوس فیرموس لە ڕووی ڕێکارەوە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:**

ئاوازی سەرەکی لە پۆلیفۆنیدا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی زانستی کاونتەرپۆینتی دەنگی (Counterpoint) یان ئاوازی گۆرانی وتن یان سەرەکی جێگیر، ڕستەیەکی موزیکی پێناسەکراو کە بنەمای گۆرانی وتنە، گۆرانیبێژانی بە چینی بەرز بە ئازادی لە

دروستکراوەکانی تۆناڵی هێزەکەیاندا دەسوڕێنەوە. ئەوە بناغەیەکی جێگیرە کە شێوەی گۆرانی وشێوەی ئاوازەکە دیاری دەکات، وبە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەم گۆرانییە وتنە تەواوە لە چینێکەوە بێت کە پێی دەوترێت چینی گڕ.

**1-10-4پەیژەی کڵێسایی:** یەکێک لە باوترین پراکتیزە ئاینییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەدرێژایی سەدەکان دروستکردنی دەقە ئاینییەکان بووە لەسەر ئاوازە سادەکان، لەگەڵ ڕیتمی هاوشێوەی ئەوانەی لە دەقەکەدا دەبینرێت وەک چۆن دەتوانرێت بخوێنرێتەوە ئەم جۆرە گۆرانییە، کە لە گروپێکدا پێشکەش دەکرێت وبەبێ یاوەری ئامێرە موزیکییەکان ئەنجام دەدرێت، بە گۆرانی وتن، سرووت، یان ئاوازدانانی سادە ناسراوە.

**1-10-5گۆرانی گریگۆری یاخود سروودی گریگۆری (Gregorian chant):** گۆرانییەکی ئاینی ڕۆمانی (ناونراوە بە ڕۆما) لەگەڵ ئاوازی کتێبی پیرۆزی موزیکی کەڵێسایی لاتینیدا. کە ئەمە هونەرێکی موزیکی لیریکی، لەگەڵ مۆنۆفۆنی (Monophony) کە بەبێ هاوشانی ئامێرە موزیکییەکانە.

**2- چوارچێوەی تیۆری:**

توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە:

**یەکەم:** چوارچێوەی تیۆری

**دووەم:** چوارچێوەی شیکاری پراکتیزەیی

**یەکەم:** چوارچێوەی تیۆری

**2-1دروست بوون وگەشەسەندنی کاونتەرپۆینت لە ڕووی مێژووییەوە:**

نووسینی هونەرەکانی کاونتەرپۆینت لە سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی سێزدەهەم لە بەلجیکا وباکووری فەرەنسا سەری هەڵداوە وپەرەی سەندووە کە بە قوتابخانەی فلیمینکی دانراو ناسراوە وگەشەی کردووە، ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە زانستی کاونتەرپۆینت بەرهەمی ستراکچەرەی مۆنۆدیکە (Monodic)[*]، بە درێژایی سەدەکان لە ئەوروپادا، بۆ گۆڕینی پێکهاتەکەی لە مۆنۆدیکەوە بۆ پۆلیفۆنی، ناچار بوو بە زنجیرەیەکی درێژ لە تاقیکردنەوەدا تێپەڕێت بۆ ئەوەی دواجار فۆڕمی ئەزموونی بۆ زانستی تایبەتمەند وبناغەکان بسەلمێنێت.

لە کاتێکدا باسی ئەم بۆچوونەی (سکۆت ئێریگن Scot Erigèn) دەکەین لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەیدا کە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەووە دەکەن سەرهەڵدانی کاونتەرپۆینت (کە فرەدەنگییە) بە دەرکەوتنی ئۆرگانۆمەوە دەبەستنەوە، وە پاشان چەندین شێواز ویاسای ئۆرگانۆم هەبوون وسەدەی چواردەهەمدا گەیشتە لوتکە، بەڵام ئاراستەکانی تیۆری کاونتەرپۆینت بە شێوەیەکی مەرکەزی بوو، تەنیا لە کۆتاییەکانی سەدەدا چڕبووە (عەقیلی، 1952، ل٣٦).

لەگەڵ هاتنی یۆهان سێباستیان باخ، پەیوەندییە ستوونییەکانی دەنگەکان لەنێو کاونتەرپۆینتەکەدا دەرکەوتن، کە بەهۆی باخەوە ڕێگەی بووە هۆی سەرهەڵدانی هارمۆنی. دانراوە کاونتەرپۆینتەکەی باخ بە قووڵترین دانراوی ئەو دوو ڕەهەندە دادەنرێت کە نووسیویەتی وزۆر دەوڵەمەندە لە ڕووی ڕوونی بەکارهێنانی هارمۆنیکی ونەغمی بەشێوەیەکی ڕوون، لە کاتێکدا هێڵە تاکەیەکان بۆ ئەو دەمێننەوە لێکۆڵینەوەی کاونتەرپۆینت بە شێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ موزیکی لیریکی دەکات، هەروەها لەگەڵ شێوازی دەنگی موزیك. بنەماکان لە موزیکی ئامێریدا هاوشێوەن وبە شێوەیەکی کاریگەر پێشکەش دەکرێن لەگەڵ موزیکی ئامێریدا ئەستەمە بە وردی شێوازەکە پێناسە بکرێت. لەو شوێنەی کە توانای ئامێرە موزیکییەکان دەدۆزینەوە بۆ بازدان چالاکتر وخێراتر لە دەنگی مرۆڤ دەبینینەوە وبەم شێوەیەش دەتوانن موزیکی لیریکی پێشکەش بکەن کە بە هیچ شێوەیەک کاریگەر نابێت.

---

* **مۆنۆدیك (Monodic):** ئەو موزیکییەیە کە تێیدا یەک هێڵی ئاوازی لە سەرووی تێکستچەری موزیکییەوە دیارە، مۆنۆدیە بە پێچەوانەی پۆلیفۆنیکەوە کە تێیدا هێلە مێلۆدییەکان بە یەکسانی گرنگییان هەیە. ئەم چەمکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئاوازانروانەی کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا لەلایەن ئاوازدانەرانی ئۆپێرا ئیتاڵییەوە نووسراون، کە هەندێک جار پێیان دەوترێت مۆنۆدیکییەکان (Monodists) بەکاردەهێنرێت (دیفي، ١٩٦٥، ل٣٠٢).

العقيلي باس لەوە دەکات کە "... خودی وشەی کاونتەرپۆینت دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم، ویەکەم هەوڵدان بووە بۆ بەکارهێنانی موزیکی پۆلیفۆنی درا لە ئاهەنگە گەورەکانی جەژندا، پێی دەوترێت ئۆرگانۆم، وشەی ئۆرگانۆم کە لە تەورات وەرگیراوە وئاماژەیە بۆ گۆرانی جەژنەکان" (العقيلي، ١٩٥٢، لا٣٦). وە لە سەدەی چواردەهەمدا بەهۆی تەکنیکە کۆدکردن وپێکهاتە نوێیەکانی کە لەلایەن ئارس نۆڤەوە پێشکەش کراوە. کاونتەرپۆینت (Counterpoint) لە کۆتاییدا گەیشتە لوتکە بە کارەکانی پالسترینا*.

گەشەسەندنی کاونتەرپۆینت لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەستی پێکردووە، وزیاتر لە شەش سەدە درێژ دەبێتەوە. تا سەردەمی رێنێسانس. ئەم جۆرە موزیکیە پۆلیفۆنییە، سەرەتاکەی نەزانراوە، بەڵام لە دەوروبەری سەدەی نۆیەمی زایینیدا دەرکەوتووە. ئەوان ئەم شێوازە بریتی بوو لە زیادکردن بۆ مێلۆدی سەرەکی بە هێڵێکی تری یاوەریدا.

موزیکی ئەوروپی لە مۆنۆدیکەوە (Monodic) گواستراوەتەوە بۆ موزیکی پۆلیفۆنی، بەپێی شێواز ویاساکانی کاونتەرپۆینت وگەیشتە ئاستێکی بەرز لە قەداسەکانی پالسترینا لە موزیکی ئامێرەکانی لەلایەن یۆهان سێباستیانەوە نووسراوە.

توێژەران دوای ئەوەی بەدواداچوونی زانستی لە بارەی زاراوەی کاونتەرپۆینت زۆر جار لە جیاتی زاراوەی پۆلیفۆنی بەکاردێت، کە ئەمەش دوورە لە ڕاستی وهەڵەیە گەر بە هەمان زاراوە ناوبنرێت، چونکە فرەدەنگی واتا (پۆلیفۆنی) بە گشتی ئاماژە بە موزیك دەکات کە لە دوو هێلی مێلۆدی جیا یان زیاتر پێکهاتووە، لە کاتێکدا کاونتەرپۆینت ئاماژە بە تەکنیکە دەستکردەکەی دەکات کە بەشدارە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەموو هێڵە میلۆدییەوە.

بەکارهێنانی کۆنترپۆینت لە دانراوی موزیکیدا ودوای لێکۆڵینەوە لە شێواز میتۆدەکانی لە گواستنەوەی مێلۆدیدا فراوان دەبێت بۆ ناو قووڵایی موزیکییەکە فراوانتر دەکات ورەهەندی سێیەمی زیادکراو بۆ هارمۆنی وریتمی پێدەبەخشێت، کە ئەو ڕەهەندە جوانییانەن کە لەموزیکی ئەوروپیدا بەکار دەهێنرێت (هيلايي، ٢٠٠١، لا١).

کاونتەرپۆینت (Counterpoint) توخمێکی سەرەکییە لە زۆربەی شێوازە موزیکییەکان لە موزیکی ڕۆژئاوادا بەکاردێت. ئاوازدانەرەکان لە ماوەی جیاوازدا کاونتەرپۆینتیان جیاواز بەکارهێناوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ داڕشتنی گروپە ڕیتمییە جیاوازەکان بەکاریان هێناوە، لە کاتێکدا لە سەردەمی رێنێسانسدا بۆ لاساییکردنەوەی ئاوازیی، و لە سەردەمی بارۆکدا لە ناکۆکی نێوان گرووپەکانی ئامێرەکان یان دەنگەکاندا، بەڵام لە سەردەمی کلاسیکدا، بە هاوبەشی لەگەڵ دەنگە موزیکییەکان، وڕێکخستنی موزیك بەپێی کلیلی موزیکییدا، لە ڕۆمانسیەتدا، لە تێکەڵکردنی لە نێوان لایت مۆتیڤدا، یان ئاوازی کورتی پەرتەوازە ولە موزیکی سەدەی بیستەمدا، لە گۆڕینی پێکهاتە دابڕاوەکانی دەنگدا بەکارهاتووە.

زۆربەی نووسینەکانی سەر کاونتەرپۆینت (Counterpoint) هەوڵیان دەدا لێهاتوویی وشارەزایی قوتابییەکان لە ئاوازدانانی موزیکیدا زیاد بکەن. لە سەدەی هەژدەهەمەوە بەدواوە، کتێبەکانی خوێندن بۆ خاڵ بەرامبەر خاڵ وەک نموونە بەزۆری لەلایەن سترینا یان باخ، وهەندێک لە حاڵەتی مۆدێرندا دانەرانی سەدەی بیستەم پێشنیار دەکرێن. تێزەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ورێنێسانس تەرخانکراوە لە بنەڕەتدا مەبەست لێی ڕێنماییکردنی قوتابیان وڕەنگدانەوەی سەلیقە وهەڵوێستە باوەکانی سەردەمەکەیان بووە. بۆ خاڵی چاوپێکەوتنەکە وەک مۆدێلێک بەزۆری لەلایەن سترینا یان باخ ولە هەندێک حاڵەتی مۆدێرندا نووسەرانی سەدەی بیستەم پێشنیار دەکرێن. کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وڕێنسانس لە بنەڕەتدا بەنیازبوون بۆ ڕێنوێنی خوێندکاران وڕەنگدانەوەی چێژ

---

*** جیوڤانی پێرلوێگی دا پاڵستیرینا (Giovanni Pierluigi da Palestrina):** ئاوازدانەرێکی ئیتالییە لە سەردەمی ڕێنسانس وبەناوبانگترین نوێنەری قوتابخانەی ئاوازدانانی موزیکی ڕۆمانییە. ئەو کاریگەرییەکی بەردەوامی هەیە لەسەر پەرەسەندنی موزیکی کڵێسایی هەیە وکار وبەرهەمەکانی بە لوتکەی پۆلیفۆنی سەردەمی ڕێنێسانس دادەنرێت.

وهەڵوێستی زاڵی سەردەمی خۆیان بنوێنن. زۆرێک لە توێژینەوەکانی سەدەی بیستەم تەکنیکی کاونتەرپۆینت لە ئاوازدانەرێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک ئاوازدانەر دەکەن (Jackson ، ئەنتەرنێت، ٢٠٢٠).

**2-2 چەمکی زانستی کاونتەرپۆینت (Counterpoint):**

کاونتەرپۆینت یەکێکە لە زانستە بنەڕەتییە چەسپاوەکانی موزیکی، کە بڕبڕەی پشتی پرۆگرامی خوێندنی موزیك پێکدەهێنێت، لە هەموو پەیمانگا وکۆلێژەکانی موزیکدا، ویەکێکە لە زانستە سەرەکییەکانی موزیك کە لە ڕێگەی گواستنەوەی ملۆدییەکانییەوە میتودێکی تایبەت بەکار دەهێنێت، قوڵی پاشایی موزیکی فراوانتر دەکات وڕەهەندی سێیەمی پێدەبەخشێت کە لە هارمۆنی وڕیتمیدا، بەرچەستە دەبێت وئەمانە ئەو ڕەهەندە جوانکاریانەن کە لە موزیکی کلاسیکی ئەوروپیدا بەکاردەهێنرێن (دوپریە، ٢٠٠١، لا ج).

ئەوەی کە مەبەست لە دەربڕینی کاونتەرپۆینت (Counterpoint) لە موزیکدا مەبەست (هونەری تێکەڵکردنی مێلۆدیەکان) ٥، واتە ئاوازێک بۆ ئاوازێکی تر زیادکراوە وەک هاوشانییەك دەردەکەوێت، واتە کۆمەڵێک دەنگ کە لە یەک کاتدا ئاوێتە دەبن (تێکەڵ Combination).

نووسینی کاونتەرپۆینتی شێوازی هونەریی درەوشاوەی لەخۆگرتوە لە بنیاتنانی گونجان، ودروستکردنی یەکخستن، ودۆزینەوەی یەکرِیزی، ئەو ئامرازانەی کە لە پێکهاتەکانی باخدا گەیشتنە پێگەیشتن وبناغەی قوتابخانەیەکی گرنگیان لە بواری ئاوازدانانی موزیك بەگشتی دادەنا، تا ئەمڕۆ درێژ بووەتەوە، گرنگی دان بە هێڵەکانی ئاواز کە سەربەخۆن لە یەکتر، ولە هەمان کاتدا لە نێوان خۆیاندا یەک دەگرنەوە.

پرەنسیپی گشتی کاونتەرپۆینت: خەسڵەتە گشتیەکەی بریتییە لە تێکەڵکردنی هێڵە موزیکییەکان وئاوازی نووسراوەکان کە دەنگیان زۆر جیاوازە لە یەکتر، بەڵام کاتێک پێکەوە دەژەنرێن یان پێشکەش دەکرێن، هاوئاهەنگن. لە هەموو سەردەمێکدا نووسینی موزیك بە وردی ڕێکخرابوون وهەندێک جاریش پابەندی ڕێسای توند بوون، کاونتەرپۆینت لە لە ئاوازە میلۆدیەکان تێکەڵکردنی ئاوازە یان تێکەڵکردنی ئاوازە لەگەڵ هارمۆنیەکانەکە، بەمەش پێکهاتەکان بەرهەم دەهێنن (Rahn, 1980, P177).

مەلاح وا پێناسەی کاونتەرپۆینت دەکات وەک دەستەواژەیەك بەکاری دێنن لە پەیوەندی نێوان دوو دەنگ یان زیاتر دەبینێت وبە شێوەیەکی سەربەخۆ پشت بە ڕیتم وپێکهاتەی هارمۆنی دەبەستێت، لە موزیکی ڕۆژئاوادا تایبەتمەندی خۆی هەبوو، لە سەردەمی ڕێنێسانسدا گەشەیەکی بەهێزی کردو پەرەی سەند، وهەروەها زاڵ بوو بەسەر زۆربەی سەردەمی کۆنباو ونەریتێکی ناسراویشی هەبوو بە تایبەت لە موزیکی بارۆکدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە ناساندن وپراکتیزەکردنی بابەتی کاونتەرپۆینت هەبوو (الملاح، ٢٠١٠، لا٦٦).

مامۆستایان شێوازی کۆنباوی فێرکردن بەکاردەهێنن، کە پشت بە بیرخستنەوە ولەبەرکردن نابەستێت، بە تایبەتی لەبابەتی کاونتەرپۆینت وەك بابەتێکی لە"تیوری"دا، کە یەکەم ناوکە کە قوتابیەکان دەبێت لە سەرەتادا فێربێت، وتێیدا چەمکەکانی موزیکی وەک (پەیژەکانی مێجەر وماینەر، ومیانەکانی میلۆدی، پەیژەکانی کلیسا، بنەماکان ویاساکانی کاونتەرپۆینت)، دەگرێتەوە ئەم میتۆدە لە هەر قۆناغێکدا خەسڵەتەکانی گەشەکردن لەبەرچاو دەگرێت ودەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان.

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە یاساکاندا ڕوویدا ڕێڕەوی دەنگەکان بەڕێوەدەبەن، کە ئێستا پێی دەوترێت یاساکانی کاونتەرپۆینت (Punctus Contra Punctum) لە ئەنجامی خواستی پێدانی سەربەخۆیی زیاتر بە دەنگەکان، وڕێگەدان بە ئازادی زیاتر بۆ پەیوەندییە هارمۆنییەکان. بەم شێوەیە زانایان دەستیان کرد بە سەیرکردنی ئەو ڕێگایانە، کە لە تایبەتمەندەکانی کۆنترین وێنەکانی ئۆرگانۆم (Organum)* خۆی دەبینیەوە.

---

* **ئۆرگانۆم (Organum):** سەبارەت بە لایەنی چەمکی موزیکییەوە ئەم زاراوە هونەرییە ئاماژە بە چەند ئاوازێك دەکات کە لەیەک کاتدا دەبیسترێن ویەکسانن لەگرنگی ئەو دوو ئاوازە واقعبینانە لە ڕووی هێڵی ئاسۆییەوە، چونکە ئەم دەنگانە لەیەک کاتدا دەچڕ درێت، ولەڕوانگەی ئەکادیمییەوە ئاستەکان

توێژەران پێیان وایە ئۆرگانۆم (Organum) وەک کۆنترین جۆری پۆلیفۆنیکی فرە دەنگی لە نووسینی کڵێسادا پێناسە دەکات، بەشداریکردنی ئاوازی دووەم بەشێوەی هاوتەریب لەگەڵ سروودی گریگۆری کە دەکەوێتە دووری میانەی چواری لە ژێر ئاوازی سەرەکی یان دووری میانەی پێنجی لە سەرەوەدا.

**گرنگترین ئەو یاسایانەی کە زانستی کاونتەرپۆینت لەسەری بنیادنراوە بەم شێوەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:**

1 - بەشداریی مێلۆدی: ئەمە دەتوانرێت بە چەند ڕێگەیەک بەدەست بهێنرێت، کە گرنگترینیان بریتین لە:

ا. بەکارهێنانی تێمێکی ئاوازی ورِیتمیی کە بە ڕوونی دەناسرێتەوە بە ناوی فیکۆرا (شێوە Figure)، کە مێلۆدییەکە خاوەن کەسایەتی وجەستەیەکی ڕوونی دیاری کراوی هەبێت.

ب. لاساییکردنەوە (Imitation)، واتە بەکارهێنانی ئەم ئاوازە کاراکتەرێکی سەربەخۆی هەیە لە بەشە ئاوازە جیاوازەکان ولە چینە جیاوازەکاندا، ولاسایی کردنەوە لەگەل توخمێکی بەهێزدا لە هێزی مرۆڤدا کۆ دەبێتەوە، وگرنگییەکی تایبەتی لە موزیکدا هەبێت.

2 - بەشداری کردنی ڕیتمی لە هەموو بەشەکان بە ئازادییەکی نیمچە رەها، ڕیتم لە نووسینی کاونتەرپۆینتدا گرنگییەکی ناوازەی هەیە، بەجۆرێک کە زۆرجار لاسایی کردنەوەی ئاوازە ڕیتمیکە زیاترە بەشەکانی تر، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەستەمە گوێچکە پەیڕەوی چەندین هێڵی ئاوازی لە یەک کاتدا بکات، بەڵام لە جیاکردنەوەی گۆڕانکارییە ڕیتمییەکان زۆر هەستیارە.

3 - کارەکانی بەشی خوارەوەی (چینەکانی گڕ) لە پێکهێناندا بنەمایەک بۆ کۆردەکان دادەنێت، ئێمە بە شێوەیەکی گشتی تێبینی دەکەین کە تا ستراکچەری ئاواز لە کاری کاونتەرپۆێنتە ئاڵۆزتر بێت، بنیاتنانی ئەکۆردی زیاتر بەرەو سادەیی دەچێت.

4 - جوڵەی پاراڵێل (Movement Parallel)، وجولەی پێچەوانە (Movement Contraire).

توێژەران پێیان وایە جیاوازی بنچینەیی نێوان کاونتەرپۆینت وهارمۆنی ئەوەیە کە هارمۆنی گرنگییەکی سەرەکی خۆی چڕکردۆتەوە لە بنیاتنانەوە وپێکهاتەی دانراوەکان وپەیوەستبوونیان بە یەکترەوە، هەرچەندە ئەو زنجیرانەی کە کۆنتێکستی ئاوازی ویاساکانی پێکدەهێنن لە خۆیاندا هەروەها پێویستیان بە سەرنج وسەرنجدان لە خۆیاندا هەیە.

**دووەم: چوار چێوەی شیکاری پراکتیزەیی**

**1-3 پەیژەکانی گریگۆری (کەلێساییەکان) (Gregorian scales):**

مێژووی مۆدەکان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان لە سەردەمی پێش زایینداا، لەوکاتەی میانەی چواری تەبایان زانیوە کە ڕەگەزەی موزیکی وبە یۆنانی پێی دەوترێت (تێترا کۆرد)، پێکهاتەی مەقام پێك دێت لە کۆکردنەوەی دوو ڕەگەزی موزیکی بوو لە یەکێک لەم سێ ڕەگەزە (دیاتۆنی وکرۆماتیک وهارمۆنی) وڕیزبەندییەکەی بەرەو خوار چوو بوو. لە قۆناغی دوای زایینیدا، مەقامەکان دەستیان کرد بە ژەنین وگۆرانی وتن. وڕیزبەندییەکەی پەیژەکەی بەرەو سەر چوو بوو، وە جیاوازییان هەبوو لە پلەی ڕوکوز بۆ هەر مەقامێك، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاپا گریگۆری وقەشە ئەمبرۆس لە پەرەپێدانی ئەم مەقامانە تا دواتر ناونرا بە مەقاماتی گریگۆری.

ئەو سروودانەی کلێسا کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ گریگۆر سروودێک بوون کە لەسەر بنەمای هێڵێکی تاک ئاوازی هۆمۆفۆنیدا (Homophonic) بوو کە بەسترابوو بە دەقەکەیەوە. هەر ئاوازێک لە ناودا لە ڕووی تیۆرییەوە کەوتۆتە ژێر فۆرمێکی تایبەتەوە لەناو ئۆکتاڤەکەدا، کە بە زنجیرەیەکی دیاریکراوی ڕەهەندەکانی مەودایەکانی حەوتی یەک لە دوای یەکن لە جۆری دووانی گەورە (Major) وبچووک (Minor) پێکدێن، کە پێنج مەودای گەورە ودووانی بچووکن (فرید، ١٩٩٠، ل١٥٧).

ڕەگ وڕیشەی پەیژەی ئەوروپی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، کە بە ناوی هۆزەکانیان لەسەر پەیژەکان ناونراوە، وەک (دۆریانی، فریجیانی، لیدیانی، مەکسۆلیدیانی)، ئەم پەیژە سەرەکیانە لە تۆنی تەواو ونیو تون بە دواییەك بە شێوەی خوار چوو پێکهاتوون.

---


بەرز دەکەنەوە وسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستە نوێیە بوو کە ئاسۆی دەربڕینی بۆ موزیکی ئەوروپی لە سەدەی نۆیەمەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی پێی دەوترێت ئۆرگانۆم. کە لە شێوەی هەروایی موزیکیدا دەستی پێکرد، هەرچەندە ئەم جۆرە فرە دەنگیانە سەرچاوە یان بیرۆکەی لە لایەن شارستانییەتی عەرەبی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیری لێکرایەوە، هەروەک لەلایەن زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی وەک فارمەرمەوە پەسەند کرا (الشورة، ١٩٧٥، ل٧١).

ئەم چوار مەقامە ناسراوە بە ڕێزبەندی خوار چوو ووەرگیراوەکانیان لە ڕێگەی پێنجەمی هەمان مەقام بە رەو خوار چوو، سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکە:




نموونەی ژمارە (١) مەقامەکانی یۆنانییە کۆنەکان نیشان دەدات.

پەیڕەکانی کڵێسا، و پلەی دەنگە موزیکییەکان، پشت دەبەستێت بە سیستەمی دیاتۆنی(Diatonic) بۆ دروستکردنی زنجیرەیەک لە سیستەمی مەقامی کە لە سنووری ئۆکتاڤدا دروست کراون، بنەمای گۆرانی کۆراڵی کاسۆلیکی(Cantus Gregorianus, Romanus ) پێک هێنا وتا سەدەی حەڤدەهەم لە موزیکی کڵێساییدا بەکارهاتووە. ڕاستییە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە قەشە ئەمبریۆس، کە قەشەی میلانۆ بووە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا، ئەو چوار مەقامە لە سیستەمی مەقامی ئەغریقی هەڵبژێردرا کە بە مەقامی سەرەکی ئاوتێنتیکۆ (Authentico) ناسراوە، کە تایبەت بووە بۆ بەکارهێنانی لە کڵێسا، مەقامی فیریجیان (تۆنوس فریجیان Tonus Phrygian*)، مەقامی دۆریان (تۆنوس دۆریان Tonus Dorian)، ومەقامی لێدیان (تۆنوس لیدیان Tonus Lydian)، ومەقامی میکسۆلیدیان (Mixolydian)، وڕیزبەندی ژمارەیی بۆ ئاماژەکردن بە مەقامەکان پشتی پێبەسترا . بەم شێوەیە ڕێکیانخستەوە (زازا، ١٩٩٧، لا٦٩).




نموونەی ژمارە (٢) مەقامەکانی کڵێسایی نیشان دەدات.


پاشان پاپا گریگۆری گەورە چوار لە مەقامی ئیمپریۆسی (مەقامی سەرەکی: Authentiqui) وچوار مەقامی تر زیاد کرد کە بە (Plagale) لە مەقامی سەرەکییەوە وەرگیراون، بە میانەی چواری خواروو (لە خوارووی مەقامەکەدا) لە هەر مەقامێکدا دەستپێدەکات وبەم شێوەیەی خوارەوە (حسنین، ٢٠٠٧، لا٢٠٤).

*(Tonus): بە واتای نەغمە دێت.





نموونەی ژمارە (٣) مەقامەکانی گریگۆری لەگەڵ دەرهێنانی رێکخراوەکان نیشان دەدات.

پاشان مەقام لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا لەلایەن هێنریکۆس لۆریتۆی (Henricus Loritu) سویسرییەوە فراوانتر کرا کە بە ناوی گلاریانۆس (Glareanus) بانگدەکرا، کاتێک بۆ گروپی پێشوو دوو مەقامی زیاد کرد ئەوانیش: مەقامی ئەیۆلیان ( Tonus Aeolian)، ومەقامی ئەیۆنیان (Tonus Ionian). موزیکی ئەوروپی تا کۆتایی سەدەی شازدەهەم بەتەواوی لەسەر بنەمای مەقام مایەوە، بەم شێوەیە مەقامی کلێسای گریگۆری تەواو کرد وئێستا دوانزە مەقامی لەخۆگرتووە (شەشی سەرەکی وشەش رێکخراو یاخود وەرگیراو) بەم شێوەیە (زازا، ١٩٩٧، لا٧٠).




نموونەی ژمارە (٤) مەقامەکانی گریگۆری لەگەڵ دەرهێنانی رێکخراوەکان نیشان دەدات.

سەبارەت بە پەیژەی یان مەقامی لۆکریان، کە بڕیارە لەسەر پلەی (سی B) دروست بکرێت، بەڵام ئێستا وازی لێ هێنراوە، بەهۆی نەبوونی میانەی پێنجی بچووککراوی سەرەوە، وبەم دواییانە یەکێک لە زانایان مەقامێکی تری لەسەر دەنگە موزیکییەکان (سی B) زیاد کرد و ناونرا بە (مەقامی لۆکریان Locrian)، بەڵام بەکارناهێنرێت، یۆنان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی دەروونی وفیزیۆلۆژی لە نێوان مەقامەکان وکاریگەری لەسەر گوێگر هەیە، کە هەریەکەیان ڕەهەندی جیاوازیان هەیە لە دوورییەکان، وهەر مەقامێک کەسایەتی وکارەکتەری خۆی هەیە (أمین، سلیم، ٢٠٠٥، لا٢١٣).




نموونەی ژمارە (٤) مەقامی لۆکریان لەگەڵ دەرهێنانی ڕێکخراوەکان نیشان دەدات.

بۆ دیاریکردنی ئەو مەقامەی کە بەرهەمێکی کۆراڵی کۆن سەر بەو شوێنەیە، دەنگە موزیکییەکان کۆتایی ئەمر بەرهەمە (Finalis) دەستنیشان دەکرێت وەک بنەمایەک بۆ ئەمر ناسینەوەیە. لە هەر دوو مەقامەکەدا (دوریانی سەرەکی و رێکخراو)دا کارەکە بە دەنگە موزیکییەکان (رێ D) کۆتایی دێت، وههەروەها لە هەر دوو مەقامەکەدا (فریجیانی سەرەکی و ڕێکخراو)دا کارەکە بە بە دەنگە موزیکییەکان (می E) کۆتایی دێت، هەروەها لە هەر دوو مەقامەکەدا (لیدیانی سەرەکی ورێکخراو)دا کارەکە بە دەنگە موزیکییەکان (فا F) کۆتایی دێت، .. هتد. بەمر شێوەیە، کاری تەواوکراو لەسەر دەنگە موزیکییەکان (رێ D) تەواو دەبێت یان لە مەقامی دۆڕیانەوە دەبێت یان لە مەقامی هیپۆ دۆریەوە دەبێت، هەر کارێك لە دەنگە موزیکییەکان (می E) کۆتایی بێت یان لە مەقامی فەرجیانەوە دەبێت یان یان لە مەقامی هیپۆفریجیان دەبێت ... هتد (ظاظا، ١٩٩٧، ص٧١).

ئەمر مەقاماتانە کاراکتەری تایبەتیان هەیە کە وای لێکردوون تا ئێستا بوونی خۆیان بسەلمێنن سەرەڕای دەرکەوتنی پەیژەکانی گەورە (Major) وپەیژەکانی بچووک (Minor)، هەر لە سەرەتای سەردەمی بارۆکەوە تا سەدەی بیست ویەک بڵاو بووەتەوە، وجێگای خۆی لە هەموو ڕێگاکانی خوێندنی موزیك کردەوە یان لە خوێندنی زانستی کاونتەرپۆینت وزانستی هارمۆنی وسۆلفێج ولە بابەتی هەروایی موزیکیدا.

**2-3کاونتەرپۆینتی سادە (simple counterpoint):**

بەرهەمە کاونتەرپۆینتییەکان بەپێی ژمارەی دەنگەکانیان بۆ چەند جۆریک پۆلێن دەکرێن جۆرەکانی: کاونتەرپۆینتی دوو دەنگی، سێ دەنگی وچوار دەنگی یان زیاتر لە جۆری کاونتەرپۆینت هەیە. هەروەها بەپێی پەیوەندی دەنگەکان، شوێنەکانیان، هەڵکەوتەیان پۆلین دەکرێت. کاونتەرپۆینتی سادە وکاونتەرپۆینتی دووانی، کاونتەرپۆینتی سیانی وچواری.

لە کاونتەرپۆینتی سادەدا، نابێت پەیوەندی وشوێن وهەڵکەوتەی دەنگەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵۆگۆری پێبکرێت، هەمیشە دەنگی سەرەوە هەر لە سەرەوە دمێنێتەوەو دەنگی خوارەوەش هەر لە خوارەوە دەمێنیتەوە، بەڵام لە کاونتەرپۆینتی دووانی، لەمر جۆرەدا دەشێت پەیوەندی وشوێن وهەڵکەوتەی دەنگەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆری پێبکریت وڕیگە پێدراوە، بۆ نموونە دەتوانرێت دەنگێکی سەرەوە بگوازرێتەوە بۆ خوارەوە بۆ ئەوەی ببێتە دەنگی خواروو، هەروەها بە پێچەوانەوەش، بەبێ ئەوەی ببێتە جۆرێك لە پێشلکردنی بۆ یاساو ڕێساکانی. لە کاونتەرپۆینتی سێیانی یان چوارییدا لەمر جۆرەدا دەشێت گۆڕانکاری نێوان شوێنی سێ دەنگەکە یان چوار دەنگەکە لە نێوانیان بکرێت.

بڕی میانەکان کە بە پێی ئەو بڕە دەنگەکان دەگوازرێنەوە لە شوێنە سەرەکییەکانەوە بۆ شوێنی نوێ بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە هەر ئەمەشە جۆری کاونتەرپۆینتی دووانی دەستنیشان دەکات. لێرەدا پێویستە بڵێین کاونتەرپۆینتی دووانی لە میانەی ئۆکتاڤیمان هەیە، وکاونتەرپۆینتی دووانی لە میانەی نۆییمان هەیە، هەروەها کاونتەرپۆینتی دووانی لە میانەی دەیی ویانزەیی وهەر بە هەمان شێوە کاونتەرپۆینتی سیانی چواریش دەگرێتەوە.

**کۆنتراپۆینتی سادە بۆ دوو جۆر پۆلین دەکرێت:**

**١- وەك یەك  ٢- جیاواز**

- کاونتەرپۆینتی سادە وەک یەک ئەگەر بۆ هەر یەک دەنگە موزیکییەکان بەرامبەر هەر دەنگە موزیکییەکانی کانتوس فیرموس یەکسانە لە ڕووی کاتەوە دابنێین. وکاونتەرپۆینتی جیاواز لە کاتێکدا ئەگەر بۆ هەر یەک ئاواز بۆ دوو دەنگە موزیکییەکان یان زیاتر (سێ وچواری) بەرامبەر دەنگە موزیکییەکانی کانتوس فیرمۆس دابنێین.

- لە کاونتەرپۆینتی جیاوازدا، کاونتەرپۆینت بە ڕیتمێکی گۆڕاوەوە، یان ڕیتمێکی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ Alternative)، کە تێیدا خێرایی ڕیتمەکە لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت جگە لە ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) بە یەکەوە دەگۆڕێت. ئەمر جۆرە کاونتەرپۆینتیە تەنها لەو کاتەدا دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت ئەگەر کارەکە بەلایەنی کەمەوە لە سێ دەنگ پێکبێت: کانتوس فیرموس (نەگۆڕە) وبەلایەنی کەمەوە دوو دەنگی کاونتەرپۆینتی تر، خێرایی وڕیتمر لە نێوانیاندا بە یەکەوە دەگۆڕدرێن.

**3-3 چۆنیەتی بنیاتنانی ئاوازی سەرەکی (Cantus Firmus):**

توێژەران بە پێویستی دەزانن ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بکرێت سەبارەت بە بنیاتنانی ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس)، هەروەها چەند ڕێسایەک هەیە کە دەبێت پابەندبین پێیەوە، ئەوانیش: -

1-نۆتەی دەستپێکی هەر دەنگێك لە پلەی سەرەکی (یەکەم)ی مەقام یان پەیژە دەست پێدەکات، بۆ نموونە ئایۆنی لە دەنگی (C) دەست پێدەکات.





نموونەی ژمارە (٥) مەقامی ئایۆنیان دەستپێکی بە سەرەکی مەقام یان پەیژە دەست پێدەکات.

2-نۆتەی کۆتایی دەبێت بە پلەی سەرەکی (بنەرەتی) مەقام یان پەیژە کۆتایی پێ بێت.





نموونەی ژمارە (٦) مەقامی ئایۆنیان دەستپێکی بە مەقام یان پەیژە دەست پێدەکات وکۆتاییەکەی لەسەر بنەمای مەقام یان پەیژە بێت.

1- پێویستە پلەی دووەمی مەقام یان پەیژەکە بەکاربهێنین پێش کۆتایی یان کۆتایی ئاوازەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت: (C ← D).




نموونەی ژمارە (٧) مەقامی ئایۆنیان پێشکەوتووە بە پلەی دووەم.

2- باشتر وایە پلەی سێیەمیش بۆ مەقام یان پەیژە بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کۆتایی پارچەکە بەم شێوەیە بێت: (C ← D ← E).




نموونەی ژمارە (٨) مەقامی ئایۆنیان پێشکەوتووە بە پلەی سێیەم.

3- ناکرێ دوو بازدانی یەک لە دوای یەک بە هەمان ئاراستە بەکاربهێنرێت، جا بۆ سەر چوو بێت یان خوار چوو (باشتر وایە جوڵەی پێچەوانە بێت).




نموونەی ژمارە (٩) ناکرێ دوو بازدانی یەک لە دوای یەک بە هەمان ئاراستە بەکاربهێنرێت.




نموونەی ژمارە (٩) باشتر وایە جوڵەی پێچەوانە بێت.

4- ناکرێ ئارپێجی (Arpeggio)یەک لە دوای یەکی سەر چوو یان خوار چوو بەکاربهێنرێت، چونکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی کارە کاونتەرپۆینتی.




نموونەی ژمارە (٩) ناکرێ ئارپێجی یەک لە دوای یەکی سەر چوون یان خوار چوون بەکاربهێنرێت.

5- لە (کانتوس فیرموس) دا دەبێت ئاگاداری ئەوەبین لە میانەی" نامیلۆدی "دروست نەبێت دوور بەکەوینەوە لەم جۆرە میانانە، چونکە لەسەر گوێچکەدا قورسن، وەك میانەی دووانی گەورەکراو، میانەی چواری گەورەکراو، پێنجی گەورەکراو و

حەوتی گەورە هەروەها ناکرێ میانەی تریتۆن (Tritonus) وەکو میانەکانی (چواری گەورەکراو یان فرە Augmentation وپێنجی بچووکراو یان کەمر Diminution)*، هەروەها دورکەوتنەوە لە بە دوایەک هاتنی دوو میانەی سێی گەورە یان دوو میانەی چواری یان هەر میانەیەکی گەورە بە هەمان ئاراستەدا.

لێرەدا توێژەران بە پێویستی دەزانن لە میانەی ئۆکتاڤێکدا سەرجەم میانەکان لە خشتەیەکدا دیاری بکەن:

| Interval Type | Distance Semi - Tone | Name | Example |
|---|---|---|---|
| Unison | 0 | Perfect Unison | A - A |
| | 1 | Augmented Unison | A – A# |
| Second | 1 | Minor 2nd | E - F |
| | 2 | Major 2nd | Ab - B |
| | 3 | Diminished 3rd | E - Gb |
| Third | 2 | Minor 3rd | F - Ab |
| | 3 | Major 3rd | G - B |
| | 4 | Augmented 3rd | C – E# |
| | 5 | Diminished 4th | B - Eb |
| Fourth | 4 | Perfect 4th | G - C |
| | 5 | Augmented 4th | F - B |
| | 6 | Diminished 5th | F - Cb |
| Fifth | 6 | Perfect 5th | Eb - Bb |
| | 7 | Augmented 5th | D – A# |
| Sixth | 7 | Diminished 6th | C# - Ab |

* مەبەست لەمر پیتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەمر جۆرە ڕاڤە وشیدەکرێنەوە:

1-پیتی (بك) واتا میانەی بچووکرا.

2-پیتی (گ)واتا میانەی گەورە.

3-پیتی (ب) واتا میانەی بچووك.

4-پیتی (گك) واتا میانەی گەورەکراو.

5-پیتی (ت) واتا میانەی تەبا.

| Interval Type | Distance Semi - Tone | Name | Example |
|---|---|---|---|
| | 8 | Minor 6th | G - E$^{b}$ |
| | 9 | Major 6th | D - B |
| | 10 | Augmented 6th | C – A$^{\#}$ |
| Seventh | 9 | Diminished 7th | C$^{\#}$ - B$^{b}$ |
| | 10 | Minor 7th | C - B$^{b}$ |
| | 11 | Major 7th | D – C$^{\#}$ |
| | 12 | Augmented 7th | C – B$^{\#}$ |

نموونەی ژمارە (١٠) لە میانەی ئۆکتاڤێکدا  سەرجەم میانەکان دیاری کراوە.





نموونەی ژمارە (١١) ڕێگەپێنەدراوی بەکارهێنانی میانەی (چواری فرە Augmentation وپێنجی کەم Diminution)، هەروەها دورکەوتنەوە لە بە دوایەک هاتنی دوو میانەی گەورە.

6- بە هیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە بازدانی حەوتی بە هەموو جۆرەکانی وەک میانەکانی (حەوتی گەورە، حەوتی بچووک، حەوتی کەم، حەوتی فرە) چ لە سەر چوو یان خوار چوو بەکار بهێنیت.





نموونەی ژمارە (١٢) ڕێگە پێدراو نییە بازدانی حەوتی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

7- بە هیچ شێوەیەك بازدانی شەشی گەورە ڕێگە پێدراو نییە.





نموونەی ژمارە (١٣) ڕێگە پێدراو نیە بازدانی  شەشی گەورە

8- ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی شێوەگەل (مۆتیف) ودەستەواژەی ئاوازی جێگیر وهاوشێوەکان نادرێت بەکاربهێنرێت، وەک زنجیرە دەنگییەکان یان ڕێکخستنی هارمۆنی (سیکوێنس: Sequence) چونکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی کاری کاونتەرپۆینتەکە.




نموونەی ژمارە (١٤) ڕێگە نادرێت بە دووبارەبوونەوەی شێوەگەل (مۆتیف) ودەستەواژەی ئاوازی جێگیر (سیکوێنس: Sequence) لە مەقام وپەیژەکاندا.

9- ڕێگە بە بازدانی نۆیی بە هەموو جۆرەکانیەوە (نۆی گەورە، نۆی بچووک) نادرێت بەکاربهێنرێت، جا چ بۆ سەر چوو بێت یان خوار چوو بێت.




نموونەی

ژمارە (١٥) ڕێگە نادرێت بازدانی نۆیی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

10- ڕێگەپێدراوە میانەی شەشی بچووک بەکاربهێنرێت بە مەرجێك ڕاستەوخۆ جووڵەی پێچەوانە بەدوایدا بێت، چ بەرەو خوارەوە یان سەرەوە ئاڕاستە بکرێت.




نموونەی ژمارە (١٦) چۆنیەتی بەکارهێنانی میانەی شەشی بچووک کە بەدوایدا بە جووڵەی پێچەوانە بێت.

11- پێشینە بۆ بەکارهێنانی میانەی ئۆکتاڤە.




نموونەی ژمارە (١٧) پێشینە بۆ بەکارهێنانی میانەی ئۆکتاڤ

**4- جۆرەکانی کاونتەرپۆینتی دوو دەنگی:**

**1-4 جۆری یەکەم (First Specie) (یەک دەنگ بەرامبەر بە یەک دەنگ):**

**2-4 جۆری دووەم (Second Specie) (دوو دەنگ بەرامبەر بە یەک دەنگ):**

**3-4 جۆری سێیەم (Third Specie) (چوار دەنگ بەرامبەر بە یەک دەنگ):**

**4-4 جۆری چوارەم (Fourth Specie) (دوو دەنگی سینکۆب بەرامبەر بە یەک دەنگ)**

**5-4 جۆری پێنجەم (Fifth Specie) (کاونتەرپۆینتی نەخشێنراو (بەهای کات جۆراوجۆر پێکەوە) دەنگەکان بەرامبەر بە یەک دەنگ):**

**1-4 جۆری یەکەم (First Specie) (یەک دەنگ بەرامبەر بە یەک دەنگ):**


**1-1-4چۆنیەتی بنیاتنانی دەنگی کاونتەرپۆینت:**

لەم جۆرەدا، دەنگی کاونتەرپۆینت لەگەڵ دەنگی کانتوس فیرموس لە کاتدا یەکسان دەبێت، هەروەها هەر دوو دەنگ یەک ڕیتمیان هەیە، و بە ناوی کاونتەرپۆینتی لە یەکچوو (المتماثل) ناو دەنرێت.

ئەو هەلە چاوەڕوانکراوانەی لە کاتی جوڵە وئاراستەی دوو دەنگ لە کاونتەرپۆینتی دوو دەنگی دروست دەبن، هەردەم لە سەر گوێچکەی مرۆڤ قورسن ولە بەر بیستن رون وئاشکران زیاتر لەوەی کاونتەرپۆینتی سێ دەنگی وچوار دەنگی هەیە .بۆ ڕێگە گرتن لەم هەڵانە، دەبێت پەیوەستی چەند یاسا وڕێسایەکی وورد ودیاریکراو بین، کە دەتوانیین لەم خالانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە:


1-پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەو میانانە بکرێت کە لە نێوان ئەو دوو دەنگەدا دروست دەبن بەجۆرێک کە ئەو میانانە بەشێوەیەکی وا دابنێت کە بە دواداچوونەکەی ڕوون ولۆژکی بێت.

2-لە یاسای کۆنتراپۆینتی ورد وپتەو، وتوند (Style Rigorous) دا، دەبێت سەرەتاو کۆتایی لە میانەی یونسۆن بێت: (دوو دەنگی تەبا لە سەر هەمان پلەدا) (Unison)، یاخود لە ئۆکتاڤ بێت (Octave) بە مەرجێك ئەگەر دەنگی کاونتەرپۆینت لە خوار دەنگی سەرەکی (کانتوس فیرموس) بێت.





نموونەی ژمارە (١٨) سەرەتا وکۆتایی دوو دەنگی هاوشێوەی یەک دەنگ یان ئۆکتاڤ نیشان دەدات.

هەروەها دەتوانرێت لە سەرەتای مازورە بە میانەی پێنجەمی تەواو پێکبێنن تەنها لەو کاتەدا کە دەنگی کاونتەرپۆینتی زیادکراو لە سەرەوەی دەنگی سەرەکی بێت، ودەتوانین بە هەمان شێوە سەرەتای مازورە بە میانەی یەک یان ئۆکتاڤ بنووسین.





نموونەی ژمارە (١٩) دەتوانرێت لە سەرەتای بار میانەی پێنجەمی تەواو پێکبێنن لە مەقام یان پەیژە (Lehmann, 1907, P12).

1 - لە یاسای کەمتر پتەو وتوند، دەشێتئەم شێوازە لە سەرەتای ئەو میانانە بەکار بێت، کە لە ( میانەی سێی ومیانەی دەیی و میانەی شەشی) پێک بێت (ظاظا، ١٩٩٧، لا١١).





نموونەی ژمارە (٢٠) یاسای کەمتر پتەو وتوند لە سەرەتای ئەو میانانە بەکاردێت.

2 - بەهیج شێوەیەک نابیت لە ناواخنی رستە موزیکییەکان میانەکانی (دووانی، چواری، حەوتی) بە هەموو ڕەهەندەکانیان بەکاربهێنرێت، واتە میانەکانی (دووانی فرە، چواری کەم، حەوتی فرە، ... هتد).





نموونەی ژمارە (٢١) نابیت لە ناواخنی رستە موزیکییەکان میانەکانی (دووانی، چواری، شەشی) بە هەموو ڕەهەندەکانیان بەکاربهێنرێت.

ئەگەر میانەی ناکۆک بەکار بهێنرێت، بەو مەرجەی دەبێت ئامادەکاری بۆ بکرێت بە بەکارهێنانی هێمای (سینکۆپ Syncopation)، وکۆک نەبوونەکە بە سستماتیکی بەرەو کۆک جێگیربوون ببرێت، ئەمە بۆ میانەکانی دووانیش جێبەجێ دەکرێت.





نموونەی ژمارە (٢٢) میانەی ناکۆک بەکار بهێنرێت، بەو مەرجەی دەبێت ئامادەکاری بۆ بکرێت بە بەکارهێنانی هێمای (سینکۆپ Syncopation).

هەروەها مامەڵە لەگەڵ کرداری میانەی چواری تەواو پراکتیزە دەکەین و وەک میانەیەکی ناکۆک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سەبارەت بە میانەکانی ناکۆک کە دەتواندرێت بە شێوەیەکی ئازاد و بێ خۆئامادەکردن بەکاربێت (بە مەرجێک دەبێت دوو دەنگەکە پلە بە پلە و بە پێچەوانەی یەکتر بجوڵێندرێن) بە شێوەیەکی (استثناء)، ئەوا دەتوانرێت بەبێ ئامادە سازی میانەی چواری تەواو بەکاربێت.




نموونەی ژمارە (٢٣) چۆنیەتی بەکارهێنانی میانەی ناکۆك بە مەرجێک دەبێت دوو دەنگەکە پایە پایە وبە پێچەوانەی یەکتر بجوڵێن، ئەوا دەتوانرێت بەبێ ئامادە سازی میانەی چواری تەواو بەکاربێت.

3 - لە ناواخنی رستە موزیکییەکاندا، دەنگی هاوچین (یەکی) بە هیچ شێوەیەک بەکارنەهێنرێت.




نموونەی ژمارە (٢٤) لە ناواخنی رستە موزیکییەکاندا، دەنگی هاوچین (میانەی یەکی) بە هیچ شێوەیەک بەکارناهێنرێت.


4 - لە ناواخنی ڕستەی موزیکیدا، باشتر وایە میانەی کۆکی ناتەواو یەکەمجار بەکاربهێنرێت وەکو(میانەی سیانی وشەشی ودەیی)، چونکە لەرینێکی پڕو بەهێزی هەیە، پاشان میانەی کۆکی تەواو کە لەرینێکی ڕوونتری هەیە وەکو (میانەی پێنجی وئۆکتاڤ).




نموونەی ژمارە (٢٥) لە ناواخنی ڕستەی موزیکیدا، باشتر وایە میانەی کۆکی ناتەواو یەکەمجار بەکاربهێنرێت پاشان میانەی کۆکی تەواو بەکاربهێنرێت.


5 - ڕەچاوکردنی یاساکانی پێشوو بۆ بەکارنەهێنانی (پازدان، ئارپێچ، سیکوێنس).

6 - واباشترە دەنگەواری نێوان دوو دەنگی کاونتەرپۆینت لە میانەی سێزدە زیاتر تێنەپەرێت. واتە (پێنج پلە لە سەرووی ئۆکتاڤێکەوە).





نموونەی ژمارە (٢٦) واباشترە دەنگەواری نێوان دوو دەنگی کاونتەرپۆینت لە میانەی سێزدە زیاتر تێنەپەرێت.

7 - قەدەغەیە ونابێت پارالێلی پێنجی وهەشتی ڕووکەش (Revelation) وشاراوە (Cachee & Hidden) بەکار بێت بۆ ڕێگەگرتن لەمە، سەرەتا جووڵەی پێچەوانە ئەنجامدەدرێت پاشان جووڵەی هەمان ئاڕاستە (Jeppesen, 2013, P121).





نموونەی ژمارە (٢٧) قەدەغەیە ونابێت پارالێلی پێنجی وهەشتی ڕووکەش (Revelation) وشاراوە (Cachee & Hidden) بەکاربێت.





نموونەی ژمارە (٢٨) سەرەتا جووڵەی پێچەوانە لە کاتی بەکارهێنانی پێنجی وهەشتی ئەنجامدەدرێت پاشان جووڵەی هەمان ئاراستە

8 - نابێت زیاتر لە سێ جار میانەی سێیی یان دەیی یان شەشی بە دوای یەکدا بەبێ ناوەندێک جیایان بکاتەوە، لەبەرئەوەی دووبارەکردنەوەی میانەی پاراڵێل سەربەخۆیی دەنگی کاونتەرپۆینتی وون دەکات وتەنها وەکو دەنگێکی هاوشان لەگەڵ کانتوس فیرموس دەمێنێتەوە (ظاظا، ١٩٩٧، لا١٢).





نموونەی ژمارە (٢٩) نابێت زیاتر لە سێ جار میانەی سێیی یان دەیی یان شەشی بە دوای یەکدا بەبێ ناوەندێک جیایان بکاتەوە.

9 - ئەگەر کانتوس فیرموس بازدانی زیاتر لە پێویستی تێدابێت، دەبێتە هۆی یەکتربڕین لەگەڵ دەنگی کاونتەرپۆینت .واتە دنگی سەرەوە دەچێتە دەنگی خوارەوە ودەنگی خوارەوە دەچێتە دەنگی سەرەوە.




نموونەی ژمارە (٣٠) ئەگەر کانتوس فرموس بازدانی زیاتر لە پێویستی تێدابێت، دەبێتە هۆی یەکتربڕین لەگەڵ دەنگی کاونتەرپۆینت.


10 - لەبەرئەوەی ڕاهێنانەکانی کاونتەرپۆینت لەسەر بنەماکانی کۆڕاڵ لە نووسین وئەداکردندا دادەڕێژرێت، بۆیە لە هەر یەک لە چوار دەنگەکە لە ڕووی مەودا ودەنگەوارەوە (Distance)* ، دەستنیشانکراوە، باشتر وایە پابەندبین پێوە سنوورەکە نەبەزێندرێت، وەکو ئەمەی خوارەوە:





نموونەی ژمارە (٣١) لە ڕووی دەنگەوارەوە (Distance) دەنگی دیاریکراو بۆ هەر دەنگێک.

1-1تیۆری دانەرانی موزیکی کۆن، بەدوابیەکهاتنی دوو میانەی سێی گەورە لە دوای یەکتریان قەدەغە کرد، چونکە ئەو جۆرە بە دوایەکهاتنە چواری فرە پێکدەهێنێت (فا F ــ سی B) پێکهاتووە لە سێ پلەی تەواو (فا F ــ سۆڵ G، و: سۆڵ G ــ لا A، و: لا A ــ سی B) بە لاتینی پێیدەوترێت (Tritonus)، کە لە سەر گوێچکەدا قورسە، وبە هەمان شێوە بەکارهێنانی دوو میانەی سێی گەورە بە دواییەکتریان بە پە رین(قفزە) قەدەغە کرد بۆ نموونە (فا F ــ لا A، و: لا A ــ دۆ# C#) چونکە ئەمە دەبێتە هۆی

* **دەنگەوار (Distance)**: لە خشتەکەدا چینی دەنگ یان مەودای دەنگی نیشان دەدات واتە ئەو ناوچەیەی کە دەنگەکە دەتوانێت لە چوارچێوەیدا بجووڵێت، سەبارەت بە زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی ولاتینی، کە چینەکان بەپێی شوێنەکانیان ناویان لێنراوە: وەکو (سۆپرانۆ Soprano)، دەنگی بەرزی مێینە، (ئالتۆ Alto) دەنگی نزمی مێینە، (تێنۆر Tenor) دەنگی بەرزی نێر، (باس Bass) دەنگی نزمی نێر.






دروستبوونی میانەی پێنجی فره (فا F ــ دۆ# #C) چواری پلەی تەواو پێكدێنێت و پێیدەوترێت (Tritonus)، كەبە هەمان شێوە لەسەر گوێچكەدا قورسە.

نموونەی ژمارە (٣٢) بەدواییەكهاتنی دوو میانەی سێی گەورە لە دوای یەكتری قەدەغەیە بە هەمان شێوە دوو میانەی سێی گەورە بە دواییەكتریان بە پە رین قەدەغەیە.

2-1بە هەمان شێوە گواستنەوە لە میانەی دەیی بۆ ئۆكتاڤ قەدەغە كرا، چونكە لە لەرینێكی پڕەوە دێتە لەرینێكی نەرم، كە جۆرە پێكدادانێك لەسەر بیستن دروست دەكات *.



نموونەی ژمارە (٣٣) میانەی دەیی بۆ ئۆكتاڤ قەدەغەیە.

توێژەران پێیان وایە لەكاتی بەكارهێنانی پەیژە یان مەقامی كڵێسا یان یەكێك لەو مەقامانە بۆ پێكهێنانی ئاوازی سەرەكی (كانتوس فیرموس)، دەبێت گرنگی بەو ڕاستییە بدەین كە هونەری كانتوس فیرموس (كە سادەترین جۆرەكانییە) لە سەردەمی ڕێنێسانسدا (ڕێبەری پەیژە)ی تێدا نەبووە ولەبەرئەوە هێماكانی گۆڕاوەكان (بەرزۆك Major ونزمۆك Minor ) ڕاستەوخۆ لەسەر دەنگەكانی مێلۆدی بەكاردەهێنرێن، وكاریگەری هەر هێمایەك لەسەر سیكلە ریتمیكی یەک لەدوای یەكەكان بە دروستی دەمێنێتەوە، مەگەر بەكارهێنانی هێمای ناتوراڵ، وكاریگەری هێمای گۆڕاوەكان لەسەر ئەو هێڵە ئاوازەكە هەیە هیچ كاریگەرییەكی لەسەر هێڵی ئاوازی دووەمی نییە تەنانەت ئەگەر نیشانەكە لە ناو هەمان كێشی دوو ئاوازی هاوشێوەدا بێت. بۆیە كاریگەری ئەو هێمایەی گۆڕاوەی كە لە بەرامبەر هەر دەنگە موزیك لە هێڵی ئاوازیدا دادەنرێت وهیچ پەیوەندیەكی بە ئاوازەكانی هێڵی دووەمەوە نییە كە هاوشانی هێڵی یەكەمی ئاوازدا هەبێت یان كاریگەری هەبێت.


توێژەران بە پێویستی دەزانن كە پێویستە ئاماژە بە خاڵە گرنگەكان بكرێت سەبارەت بە دروستكردنی ئاوازی سەرەكی لەسەر پەیژەكانی كڵێسا یان مەقامەكانی كڵێساییەكان، ئەویش ئەوەیە بە بەكارهێنانی نیشانەی (Bb) تەنها لە دوو پەیژەی كڵێساییدا ڕێگەپێدراوە ئەوانیش پەیژەی (دۆریان D) وپەیژەی (لیدیان F ) بەكار بهێنرێت وهەروەها پێویستە لە كاتی دروستكردنی دەنگی كاونتەرپۆینتدا سەرنج بدەین كە چەند یاسایەكی سەرەكی هەیە كە بۆ ئاوازی سەرەكی (كانتوس فیرموس) دەگونجێت ولەسەر پەیژەكانی كڵێسا یان مەقامەكانی كڵێسا دروستكراوە، كە بریتین لە: -

1 - لە پەیژەكانی (دۆریان D)، (میكسۆلیدیان G)، (ئایۆلیان A)، دەبێت دەنگی هەستیاری (C#, F#, G#) بەرز بكرێتەوە چونكە میانەیەكی دووانی گەورەیە.

2 - پێویستە پلەی حەوتەمی پەیژە یاخود مەقامە نوێیەكە (دەنگی هەستیار) واتە لە كاتی دروستكردنی كاونتەرپۆینتدا بەرز بكرێتەوە، ئەمەش تەنها لە مەقامی (فریجیانی E) پلەی حەوتەمی كە هەستیارە بەرز ناكرێتەوە چونكە لە مەقامی فریجیاندا پلەی حەوتەمی بچووكە.


سەرەتای كانتوس فیرموس دەبێت لە دەنگی سەرەكی مەقام یان پەیژەدا بێت، وەک چۆن لە نووسینی دەنگی كانتوس فیرموس لە مەقامی دۆریاندا لەگەڵ دەنگی كاونتەرپۆینتی جۆری یەكەم (دەنگ بەرامبەر دەنگ) بە كارهاتووە.

* بەڵام لە سەردەمی ئێستاماندا ئەم قەدەغەكراوانە قەدەغە نین.




نموونەی ژمارە (٣٤) دەنگی کاونتەرپۆینتی کۆتایی دێت بە دەنگی هەستیار ئەمیش بە بەرزکردنەوەی پلەی حەوتەمی پێش کۆتایی مەقامی دۆریان (Jeppesen, 2013, P122).

نموونە: کاونتەرپۆینتی دەنگ بەرامبەر دەنگ بۆ دەنگی کانتوس فیرموس لە مەقامی لیدیانی لە جۆری یەکەم بنووسە.




نموونەی ژمارە (٣٥) دەنگی کاونتەرپۆینتی لە مەقامی لیدیان.

**2-4 جۆری دووەم (Second Specie) (دوو دەنگ بەرامبەر بە یەک دەنگ):**

**1-2-4 چۆنیەتی بنیاتنانی دەنگی کاونتەرپۆینت:**

لەم جۆرەدا، دوو دەنگی کۆنتراپۆینت بەرامبەر بە یەک دەنگی کانتوس فیرموس دەنووسرێتەوە (دوو دەنگی بلانش بەرامبەر بە دەنگی ڕۆند لە کانتوس فیرموسدا). ئەگەر دەنگی کانتوس فرموس بە کاتی ڕۆند نووسرا بووەوە ئەوا دوو دەنگی کۆنتراپۆینت بە کاتی بلانش دەنووسرێتەوە، تەنها دەنگی کۆتایی نەبێت، کە ئەویش دەنگی جێگیربوونە کە بە هەمان کاتی ڕۆند لە هەموو دەنگەکانی کاونتەرپۆینت دەنووسرێتەوە. ئەوەی جێی باسە لە هەموو جۆرەکانی تری کۆنتراپۆینت بەم شێوازە دەبێت. دەبێت هەموو یاساکانی جۆری یەکەم ڕەچاو بکرێن. دەبێت پەیوەستی چەند یاسا ورێسایەکی وورد ودیاریکراو بین، کە دەتوانیین لەم خالانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە :

1 - لەم جۆرە و هەروەک جۆری یەکەم (دەنگ بەرامبەر دەنگ) سەرەتا وکۆتاییەکەی بەهەمان ڕێگە دەنووسرێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەردوو دەنگەکە (کانتوس فیرموس وکاونتەرپۆینت) لەیەک کاتدا دەستپێبکات، دەشێت دەنگی کاونتەرپۆینت بە نیو کاتی کانتوس فیرموس دوا بکەوێت (سەرەتای بە پشووی بلانش لە مازورەی یەکەم ودوایی بە دەنگی بلانش دەستپێدەکات). دەتوانرێت لە سەرەتای مازورە بە میانەی یەکی یان ئۆکتاڤ بنووسین ئەگەر هاتوو ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە سەرەوە بێت واتا لەو کاتەدا کە دەنگی کاونتەرپۆینتی زیادکراو لە خوارەوەی دەنگی سەرەکی بێت، دەتواندرێت سەرەتا بە میانەی کۆکی تەواو و کۆکی ناتەواو وەکو (پێکهاتەکانی پێنجی وشەشی) دەستپێبکات. ئەمەش شێوازە باوەکەیە بۆ



هاتە ناوەوەی دەنگی کاونتەرپۆینت دوپریە، مارسیل، ٢٠٠١، لا١٤).

نموونەی ژمارە (٣٦) ئاوازی سەرەکی لە سەرەوە ودەنگی کاونتەرپۆینت بە پشووی بلانش لە یەکەم مازورە ودوایی بلانش لە میانەی یەکی یان ئۆکتاڤەوە دەست پێ دەکات.

ئەگەر ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە خوارەوە بێت، واتا لەو کاتەدا کە دەنگی کاونتەرپۆینتی زیادکراو لە سەرەوەی دەنگی سەرەکی بێت، دەتوانرێت لە سەرەتای مازورە بە میانەی یەکی وئۆکتاڤ یان پێنج دەستپێبکات.





نموونەی ژمارە (٣٧) ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە خوارەوە ودەنگی کاونتەرپۆینتی زیادکراو لە سەرەتای مازورە بە پشووی بلانش ودواتر بە کاتی بلانش بە میانەی پێنجی دابنرێت.

2 - دەنگی یەکەم لە مازورەی دووەم لەسەر ترپەی بەهێزدا:(Temps Fort)، دەبێت کۆک (Consonance) بێت، وزۆربەی جار میانەکانی (سێی، شەشی، پێنجی، ئۆکتاڤ) لەگەل دەنگی کانتوس فیرموس دەبێت (Joseph,1965, P42).





نموونەی ژمارە (٣٨) دەنگی یەکەم لە مازورەی دووەمی لە کاونتەرپۆینتدا لەسەر کاتی بەهێزدا دەبێت کۆک (Consonance) بێت.

3 - بەلام کاتێك دەنگە کە لە سەر کاتی ترپەی بێ هێزدا بێت: (Temps Fabile)، دەشێت کۆک (Consonance) بێت یان ناکۆک (Dissonance) بێت هەردوو وەک یەکن، ئەگەر میانەکە ناکۆک بێت دەکرێت تێپەربن (مروري Passing note) چ بۆ سەر چوو یاخود خوار چوو بێت، دەشکرێت بگۆڕبن (تبادلي Change note) واتە بۆ سەرەوە ئینجا دەنگێك بۆ خوارەوە بجوڵێن.





نموونەی ژمارە (٣٩) کاتێك دەنگە کە لە سەر کاتی ترپەی بێ هێزدا بێت، دەشێت کۆک بێت یان ناکۆک ئەگەر میانەکە ناکۆک بێت دەکرێت تێپەربن (Passing note).





نموونەی ژمارە (٤٠) کاتێك دەنگە کە لە سەر کاتی ترپەی بێ هێزدا بێت، دەشێت کۆک بێت یان ناکۆک ئەگەر میانەکە ناکۆک بێت دەکرێت بگۆڕبن (Change note) واتە بۆ سەرەوە ئینجا دەنگێك بۆ خوارەوە بجوڵێن (Kitson, 1927, P37).

4 - دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئاگاداری پارالێلی قەدەغەکراو بین، چونکە لە دانانی کەوانی سینکۆبی کێشکراو بۆ دەنگەکان بە ئاسانی دووچاری پارالێلی پێنجی وهەشتی دەبینەوە، هەروەها کەوانی لکاندن **بەهیچ شێوەیەک کاریگەری پارالێلەکان لا نابات.**





نموونەی ژمارە (٤١) کەوانی سینکۆبی کێشکراو بەهیچ شێوەیەک کاریگەری پارالێلەکان لا نابات (ظاظا، ١٩٩٧، ص١٧).

5 - لەم جۆرە کاونتەرپۆینتەدا ڕێگە بە هەشتی وپێنجی شاراوە (Cache) نادرێت، هەروەها ڕێگە بە هەشتی وپێنجی بیستراو لە سەر کاتی بەهێز نا درێت، هەر چەندە لە نێوانیاندا ترپەی لاواز بوونی هەیە. لێرەدا فشاری هەشتی وپێنجی پاڕالێل زۆر ڕۆن وئاشکرایە.





نموونەی ژمارە (٤٢) ڕێگە بە هەشتی وپێنجی شاراوە وبیستراو لە سەر کاتی بەهێز نا درێت.

ئەگەر هەشتی وپێنجی پاڕالێل لە سەر ترپەی لاواز هەبوو، بەڵام بەبێ کێشکردنی کەوانی لکان ئەوا ڕێگە پێدراوە وقەدەغە نین (إسماعیل، ٢٠٠٣، ل٦٣).





نموونەی ژمارە (٤٣) ڕێگە پێدراوە کاتێك میانەی هەشتی وپێنجی لە سەر ترپەی لاواز بوو.

بۆ ڕزگاربوون لە پێنجی (١) وهەشتی (٢) شاراوە، هەڵدەستین بە دانانی دەنگێکی میلۆدی (یان میانەیەکی میلۆدی) لەنێوانیاندا بەجۆرێک بێت کە ڕێڕەوی جولەی دەنگەکە لە جووڵەی هەمان ئاڕاستە لە ترپەی بەهێز بۆ جووڵەی پێچەوانەدا.




نموونەی ژمارە (٤٤) ڕێڕەوی جووڵەی ئەو دەنگانەی کە پێکیدەهێنین لە جووڵەی هەمان ئاراستە لە ترپەی بەهێز بۆ جووڵەی پێچەوانەدا.

6 - هاوچین بوونی لە میانەی یەکدا، (کە لە جۆری یەکەمدا لە سەرەتا و کۆتایی ڕستەکەدا ڕێگەپێدراوە)، هەمان شێوە لە ناواخنی ڕستەی موزیکیدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام تەنها لەکاتی بێهێزدا واتە لەسەر ترپەی لاوازدا (Lehmann, 1907, P20).




نموونەی ژمارە (٤٥) هاوچین بوونی لە میانەی یەکدا لە ناواخنی ڕستەی موزیکیدا تەنها لەکاتی بێهێزدا واتە لەسەر ترپەی بێهێز ڕێگەپێدراوە.

هەندێ یاسای سەرەکی هەیە کە بۆ دەنگی سەرەکی (کانتوس فیرموس) دەگونجێت کە لەسەر بنەمای پەیژەکان یان مەقامەکانی کڵێسادا جێبەجێ دەکرێت، کە بریتین لە:


1 - لە پەیژەکانی (دۆریان D)، (میکسۆلیدیان G)، (ئەیۆلیان A)، پێویستە دەنگی هەستیارەکە (Leading note) بەرز (C#, F#, G#) چونکە دووانی گەورەن.

2 - لە کۆتایی هەر پەیژەیەك یاخود مەقامێك لە سەر کاتی ڕۆندا دەبێت وپێش بە دەنگی هەستیار دەکەوێت بە کاتی بڵانش، پێویستە دەنگی حەوتەمی پەیژە بەرز کەینەوە بە نیو پلە چونکە دەنگی هەستیارە، واتە لە دەنگی کاونتەرپۆینتدا، ئەمەش تەنها لە مەقامی (فریجیانی E) پلەی حەوتەمی کە هەستیارە بەرز ناکەینەوە چونکە لە مەقامی فریجیان پلەی حەوتەمی بچووکە.

نموونە: کاونتەرپۆینتی دوو دەنگ بەرامبەر بە یەك دەنگ بۆ دەنگی کانتوس فیرموس لە مەقامی دۆریان لە جۆری دووەم بنووسە لە خوارەوە.




نموونە: کاونتەرپۆینتی دوو دەنگ بەرامبەر بە یەك دەنگ بۆ دەنگی کانتوس فیرموس لە مەقامی میکسۆلیدیان لە جۆری دووەم بنووسە.




**5- ئەنجامەکان:**

1 - بەکارهێنەر فێر دەبێت کە چۆن ئاوازی سەرەکی کانتوس فیرموس (Cantus Firmus) دروست بکات.

2 - بەکارهێنەر فێر دەبێت چۆن نووسینی ئاوازی سەرەکی لە مەقامەکانی گریگۆری لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەنگە کاونتەرپۆینتەوە بنووسێت.

3 - بەکارهێنانی دەنگەکانی کاونتەرپۆینت بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) لە مەقامەکانی گریگۆری کارەکتەری تایبەتی هەیە، ئەمەش یەکێکە لە جوانترین شێوازەکانی خستنەکاری، بەو پێیەی ئاوازەکە بەرز دەکاتەوە ڕەسەنایەتی پێدەبەخشێت.

4 - دوای ئەوەی بەدواداچوونی زانستی لە بارەی زاراوەی کاونتەرپۆینت زۆر جار لە جیاتی زاراوەی پۆلیفۆنی بەکاردێت، کە ئەمەش دوورە لە ڕاستی وهەڵەیە بە هەمان زاراوە ناوبنرێت، چونکە فرەدەنگی واتا (پۆلیفۆنی) بە گشتی ئاماژە بە موزیك دەکات کە لە دوو هێلی مێلۆدی جیا یان زیاتر پێکهاتووە، لە کاتێکدا کاونتەرپۆینت ئاماژە بە تەکنیکە دەستکردەکەی دەکات کە بەشدارە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەموو هێڵە میلۆدییە.

5 - گرنگترین ئەو یاسایانەی کە زانستی کاونتەرپۆینت لەسەری بنیاتنراوە بەم شێوەیە: بەشداربی مێلۆدی وسەربەخۆیی (بەکارهێنانی تێمێکی ئاوازی وریتمی کە بە ڕوونی دەناسرێتەوە ناودەنرێت فیگۆرا (شێوە Figure)، ولاساییکردنەوە (Imitation)، واتە بەکارهێنانی ئەم ڕیتمە کاراکتەرێکی سەربەخۆی هەیە، کارەکانی بەشی خوارەوەی(چینەکانی گڕ)، جووڵەی پاراڵێل (Movement Parallel)، و جووڵەی پێچەوانە (Movement Contraire).

6 - پێویستە ئاماژە بە خاڵە گرنگەکان بکرێت سەبارەت بە دروستکردنی ئاوازی سەرەکی لەسەر پەیژەکانی کڵێسا یان مەقامەکانی کڵێساییەکان، ئەویش ئەوەیە ڕێگەپێدراوە بە بەکارهێنانی نیشانەی (Bb) تەنها لە دوو پەیژەی کڵێساییدا ئەوانیش پەیژەی (دۆریان D) وپەیژەی (لیدیان F ) بەکار بهێنرێت وهەروەها پێویستە لە کاتی دروستکردنی دەنگی کاونتەرپۆینتدا سەرنج بدەین کە چەند یاسایەکی سەرەکی هەیە کە بۆ ئاوازی سەرەکی (کانتوس فیرموس) دەگونجێت کە لەسەر پەیژەکانی کڵێسا یان مەقامەکانی کڵێسا دروستکراوە.

7 - جیاوازی بنچیەنەیی نێوان کاونتەرپۆینت وهارمۆنی ئەوەیە کە هارمۆنی گرنگییەکی سەرەکی خۆی چڕکردۆتەوە لە بنیاتنانەوە و پێکهاتەی دانراوەکان وپەیوەستبوونیان بە یەکترەوە، هەرچەندە ئەو زنجیرانەی کە کۆنتێکستی ئاوازی ویاساکانی پێکدەهێنن لە خۆیاندا هەروەها پێویستیان بە سەرنج و سەرنجدان هەیە لە خۆیاندا.

8 - لە پەیژەکانی (دۆریان D)، (میکسۆلیدیان G)، (ئەیۆلیان A)، پێویستە دەنگی هەستیارەکە بەرز بێت (C#, F#, G#)چونکە دووانی گەورەن.

9 - لە یەکچوون هەیە لە نێوان ئەم سێ مقامانە (دۆریان، فریجیان، ئایۆلیان) وهاوشێوەی پەیژەکانی مینۆرن بەو پێیەی سێ میانەی یەکەم لە هەریەکەیان بچووکە.

10 - لە یەکچوون هەیە لە نێوان ئەم سێ مقامانە (لیدیان، مدکسۆلیدیان، ئەیۆنیان) وهاوشێوەی پەیژەکانی ماجۆرن بەو پێیەی سێ میانەی یەکەم لە هەریەکەیان گەورەن.

11 - پێویستە پلەی حەوتەمی پەیژە یاخود مەقامە نوێیەکە (دەنگی هەستیار) واتە لە کاتی دروستکردنی کاونتەرپۆینتدا بەرز بکرێتەوە، ئەمەش تەنها لە مەقامی (فریجیانی E) پلەی حەوتەمی کە هەستیارە بەرز ناکەینەوە چونکە مەقامی فریجیان پلەی حەوتەمی بچووکە.

## 6- دەرەنجامەکان:

1 - (چینەکانی گڕ) لە پێکهێنانی کۆنتراپۆینتدا بنەمایەکن بۆ کۆردەکان لە گوێچکەدا دەچەسپێنێت بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ ستراکچەری ئاواز لە کار وبنیاتنانی کاونتەرپۆینت زیاتر بەرەو سادەیی بچێت.

2 - هەموو جوڵەکانی پاراڵێل (Movement Parallel) لە نێوان میانی ئۆکتاڤێکدا لە ئۆکتاڤ یاخود لە میانەی پێنجیدا دەنوسرێنەوە، بەڵام جولەی پێچەوانە (Movement Contraire) بەو ئاراستەیە دەبێت کە پێچەوانەی نوسینەوەی ئاوازە سەرەکییەکە دەبێت.

3 - ڕیتم لە هەموو بەشەکان کاونتەرپۆیندا ئازادییەکی نیمچە ڕەها وگرنگییەکی رادە بەدەری هەیە، بەجۆرێک کە زۆرجار لاسایی کردنەوەی ئاوازە ڕیتمیکە زیاترە لە بەشەکانی تر، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەستەمە گوێچکە پەیڕەوی چەندین هێڵی ئاواز لە یەک کاتدا بکات، بەڵام لە جیاکردنەوەی گۆڕانکارییە ڕیتمییەکان گوێچکە ئامادە ساز وهەستیار دەبێ لەم بوارەدا.

## 7- ڕاسپاردەکان:

1 - هەمیشە پێویستە لێکۆڵینەوە وسوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو تر وەربگرین کە تایبەتن بە قوتابیان کە تەوەرەی سەرەکی پرۆسەی خوێندنە.

2 - کارکردن بۆ سوود وەرگرتن بەهاوشانی کردنی کاونتەرپۆینت بۆئاوازی سەرەکییەکە جێبەجێکردنی لە ڕاهێنانەکان بەهۆی ئەوەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاسانکاری بۆ نووسینەوەی موزیکی لە لای قوتابیان هەیە.

3 - مامەڵەکردن لەگەڵ جۆری سێیەم وچوارەم وپێنجەمی کاونتەرپۆینت لە پەیژەکانی گریگۆری بە توێژینەوە ولێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام بدرێت.

**8- سەرچاوەکان:**

**1-8 بە زمانی عەرەبی:**


- إسماعيل، محمد كمال، (٢٠٠٣): الموسيقى البوليفونية The Counterpoint، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الأولى.
- إسماعيل، محمد كمال، (٢٠٠٧)، التحليل والتوزيع الأوركسترالي، مراجعة: يوسف السيسي، الطبعة الرابعة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
- أمين، أميمة؛ سليم عائشة، (٢٠٠٥). الشامل في الصولفيج: نهج دالكروز، الطبعة الأولى، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر.
- بنشار، ماكس، (١٩٧٣): تمهيد للفن الموسيقى، القاهرة، نيورك، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر.
- بيومي، أحمد، (١٩٩٢). القاموس الموسيقى، الطبعة الأولى، المركز الثقافي القومي، وزارة الثقافة، القاهرة.
- حداد، أثير هلال أمين، (٢٠٠٩). دراسة تحليلية لتقنيات الموسيقي في أعمال عبد الحميد حمام، رسالة ماجستير منشورة، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقا، جامعة اليرموك، الأردن).
- حسنين، سعاد علي، (٢٠٠٧). تربية السمع وقواعد الموسيقى الغربية، الطبعة السابعة، الجزء الثاني، دار روتابرينت للطباعة، القاهرة.
- الخروبي، إبراهيم خليل، (٢٠١١). تاريخ وتذوق الموسيقى، الطبعة الأولى، جامعة النجاح الوطنية، كلية الفنون الجميلة، فلسطين.
- داود، أحمد، (٢٠٠٤). تاريخ الموسيقا العالمية، الطبعة الأولى، جامعة البحث، كلية التربية الموسيقية، الجمهورية العربية السورية.
- درويش، رامي، (٢٠١٩): التوزيع الأوركسترالي، دمشق، منشورات الهيئة العامة السورية، وزارة الثقافة.
- دوپريه، مارسيل، (٢٠٠١). الطِّبَاق، تعريب: الأب فيليب هيلايي، الطبعة الأولى، سلسلة دراسات موسيقية (٤)، توزيع مكتبة الناصرة، كاتدرائية القدس يوسف، بغداد.
- دوپريه، مارسيل، (٢٠٠١). الطِّبَاق، تعريب: الأب فيليب هيلايي، الطبعة الأولى، سلسلة
- ديفي، س.ث، ١٩٦٥. التأليف الموسيقى، ترجمة: سمحة الخولي، الطبعة الأولى، دار المعارف، القاهرة، مصر.
- الربيعي، فاطمة ظاهر، (٢٠٠٩). دور تعدد التصويت في الموسيقى العربية، القاهرة.
- زاكس، كورت، (١٩٦٤). تراث الموسيقى العالمية، ترجمة: سمحة الخولي، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، القاهرة.
- زكريا، حسام، (٢٠٠٤). المعجم الشامل للموسيقى العالمية، الطبعة الأولى، الجزء الأول، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- شامپينيول، برنارد، (١٩٩٩). تاريخ الموسيقى، ترجمة: ثروت كچوك، الطبعة الأولى، مكتبة الأسراء، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
- شورة، نبيل، (١٩٧٥): آلة القانون وتطور أسلوب العزف عليها، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة.
- ظاظا، محمد عزيز شاكر، (١٩٩٧): علم الكونتربوانت، سوريا، الطبعة الألى، دار الحصاد للنشر والتوزيع.
- ظاظا، محمد عزيز، (١٩٩٧). علم الكونترابوينت، سوريا، الطبعة الأولى، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق، سورية.
- عبد الكريم، عواطف؛ وآخرون، (٢٠٠٠). معجم الموسيقي، الطبعة الأولى، مركز الحاسب الآلي، مجمع اللغة العربية، الهيئة العامة لشئون المطابع الأميرية، القاهرة.
- العقيلي، مجدي، (١٩٥٢): الموسيقا الغربية وأعلامها، الطبعة الأولى، مطبعة الضاد.
- عكاشة، ثروت، (١٩٨٠). الزمن ونسيج النغم من نشيد ابوللو إلى تورانجاليلا، الطبعة الأولى، دار المعارف، القاهرة.
- عكاشة، ثروت، (١٩٩٦). الزمن ونسيج النغم من نشيد ابوللو إلى تورانجاليلا، الطبعة الثانية، الجزء الرابع عشر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- عكاشة، ثروت، (٢٠١١). المعجم الموسوعي للمصطلحات الثقافية إنجليزي – فرنسي – عربي مع مسردين ورسوم، الطبعة الأولى، مكتبة لبنان، الشركة المصرية العالمية للنشر – لونجمان.
- علوان، رائدة أحمد، (٢٠١٤): تجربة عبد الحميد حمام في إعادة صياغة ألحان الأغاني الشعبية الأردنية باستخدام أسلوب تعدد التصويت، المجلة الأردنية للفنون، مجلد ٧، العدد ٢.
- عيد، كمال الدين، (٢٠٠٦). أعلام ومصطلحات الموسيقية الغربية، مراجعة: ألفت المنيري، الطبعة الأولى، قاموس منهجي لدارسي الفنون في الوطن العربي، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية.
- فريد، طارق حسون، (١٩٩٠). تاريخ الفنون الموسيقية منذ نشأتها إلى نهاية القرن السادس عشر، الجزء الأول، الطبعة الأولى، وزارة التعليم والبحث العلمي، جامعة بغداد، بيت الحكمة.
- فيني، ثيودور م.، (١٩٧٢). تاريخ الموسيقى العالمية، ترجمة: سمحة الخولي، الطبعة الأولى، دار المعرفة، القاهرة، مصر.
- كارويي، أوتو، (٢٠١٥). مدخل إلى الموسيقى، ترجمة: ثائر صالح، الطبعة الأولى، دار نون للنشر، طُبع في المملكة الأردنية الهاشمية، عمان.
- كوپلاند، آرون، (١٩٩٨). كيف تتذوق الموسيقى، ترجمة: محمد رشاد بدران، الطبعة الثانية، الشركة العربية للطباعة والنشر، القاهرة.
- المصري، أحمد، (١٩٧١). محيط الفنون (٢)، قسم الموسيقى، الطبعة الأولى، دار المعارف، القاهرة، مصر.
- مطر، اكرام، (١٩٧١): تعدد التصويت في الغناء المدرسي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة.
- معجم الموسيقا، (٢٠٠٠). مركز الحاسب الآلي مجمع اللغة العربية، جمهورية مصر العربية، القاهرة.
- الملاح، محمد، (٢٠١٠). مبادئ علم الكنترابنط، The Fundamentals Of Counterpoint Science، اربد جامعة اليرموك، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى.


**2-8 بە زمانی ئینگلیزی:**

- Chapin, K. (2011). Counterpoint: From the bees or for the birds? Telemann and early eighteenth-century quarrels with tradition .Music & letters.(3)92 ,
- Crocker, R. L. (1962). Discant, counterpoint, and harmony .Journal of the American Musicological Society, (1) 15.
- https://www.britannica.com/art/counterpoint-music.
- Jackson , Roland John :https://www.britannica.com/art/counterpoint-music
- Jamini, D. (2005). Harmony and composition: basics to intermediate. Trafford on Demand Pub.
- Jeppesen, K. (2013). Counterpoint: the polyphonic vocal style of the sixteenth century. Courier Corporation.
- Johann, Joseph, (1971). The study of Counterpoint, translated and edited by: Alfred Mann, w.w. Norton & company, New York. London.
- Joseph, J., Fux, M., Fux, J. J & ,.Edmunds, J. (1965 ) .The study of counterpoint from Johann Joseph Fux's Gradus ad parnassum( No. 277). WW Norton & Company.
- Joseph, J., Fux, M., Fux, J. J., & Edmunds, J. (1965). The study of counterpoint from Johann Joseph Fux's Gradus ad parnassum (No. 277). WW Norton & Company.
- Kitson, C. H. (1927). Counterpoint for Beginners. Music Supervisors' Journal, 14(1).
- Lehmann, F. J. (1907). A treatise on simple counterpoint in forty lessons .G. Schirmer.
- Rahn, John. (1980). Music inside out: Going Too Far in Musical Essays.
- Scholes, Percy, (1970). the Oxford Companion to Music, New York, Oxford University Press, 10th ed.
- Schubert, P. (1999). Modal counterpoint, Renaissance style. Oxford University Press.
- Willgoss, R. (2012). Creativity in contemporary art music composition .International Review of the Aesthetics and Sociology of Music. Bernardi, G. G. (1921). Counterpoint. K. Paul, Trench, Trubner & Company, Limited.
- Bush, A. (1948) .Strict counterpoint in Palestrina style: a practical text-book .J. Williams.
- Franceschina, J. C. (2015). Music theory through musical theatre: Putting it together. Oxford University Press.

استخدام الأصوات الكونترابوينتية مقابل اللحن الاساسي (كانتوس فيرموس) في المقامات الكنائسية

سيروان محمد مصطفى
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين-أربيل
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

پ.ی. د. محمد عزيز شاكر زازا
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين-أربيل
mdzaza@hotmail.com

پ.د. محمد عبد الله كاكه سوور
قسم التاريخ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
makakasur@yahoo.com

**ملخص**

إذا رجعنا إلى العصور الموسيقية الأولى، نجد إن علم الكونترابوينت سابق لعلم الهارموني، وظل مسيطراً على المؤلفات الموسيقية، وبرز فيه مؤلفو هذه الحقبة من الزمن، ومن المعروف بإن الموسيقى البوليفونية تعتمد في بنائها على فكرة المحاكاة في ترداد للألحان الكونترابوينتية. علم الكونترابوينت هي أحد أساليب تناول الألحان الأساسية في بعض المؤلفات البوليفونية في عصر الباروك مثل الفوجا والكانون والتي تمثل اعلى مراحل البوليفونية في ذلك العصر، حيث استخدم الأصوات الكونترابوينتية ليتفاعل باللحن الأساسي (كانتوس فيرموس) في المقامات الكنائسية ذات طابع الخاص وهذا من أجمل اشكال التوظيف حيث انها تفخم من اللحن وتعطيه عراقة واصالة.

يتكون البحث من جزئين:

أولاً: الإطار النظري: ويشمل (تعريف علم الكونترابوينتية – أنواع الصوت الكونتربوينت – السلالم الكنائسية.

ثانياً: الإطار التطبيقي يعتمد على المنهج الوصفي التحليلي واعتمدت الباحث في اختيارها لعينة على الأصوات الكونترابوينتية في اللحن الاساسي (كانتوس فيرموس) في المقامات الكنائسية، ومن نتائج البحث التي توصل لها الباحثين استخدام الأصوات الكونترابوينتية مقابل اللحن الأساسي (كانتوس فيرموس) في المقامات الكنائسية هي (النوع الأول، النوع الثاني). واختتم البحث بالتوصيات ثم المراجع وملخص البحث باللغة الكوردية واللغة الإنجليزية.

**كلمات الرئيسية:** استخدام- الكونترابوينت – كانتوس فيرموس – مقام الكنائسي.

**The use of contrapointed sounds versus the basic melody (Cantus Firmus) in church shrines**

**Prof.Dr. Mohammed Abdula Kakasur**
Department of Arts, College of Art, Salahaddin University-Erbil
makakasur@yahoo.com

**Ass. Prof.Dr. Mohammed Aziz Shaker Zaza**
Department of Music,College of Fine arts,Salahaddin University-Erbil
mdzaza@hotmail.com

**Seerwan mohammed mustafa**
Department of Music, College of Fine arts, Salahaddin University-Erbil
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

**Abstract**

If we go back to the early musical ages, we find that the science of Counterpoint preceded the science of harmonics, and it continued to dominate musical compositions, and the authors of this era emerged in it. Counterpoint is one of the methods of dealing with basic melodies in some polyphonic compositions in the Baroque era, such as the fugue and canon, which represent the highest polyphonic stages of that era. It enhances the melody and gives it nobility and originality, hence the researcher's idea (The use of Counterpoint sounds in the basic melody (Cantus Firmus) in the church maqams.

The research consists of two parts:

First: Theoretical framework: It includes (a definition of counterpoint science - types of counterpoint sound- church scales.

Second: The applied framework depends on the analytical descriptive approach, and the researcher relied on selecting a sample for the contrapointed sounds in the main melody (Cantus Firmus) in the church shrines, and among the results of the research that the researcher reached is the use of the contrapointed sounds in the main melody (Cantus Firmus) in the church shrines are **(First Specie Second Specie)**. The research concluded with recommendations, references, and a summary of the research in Kurdish and English.

**Keywords:** Usage, Counterpoint , Cantus Firmus ,Church scales.